# ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەشەڕی ناوخۆدا

## توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانیە
## بەشێکەلە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

دەبێ ڕۆشنبیر لەوە هۆشیارتربێت، کەبزانێت ئەرکی ئەو وەکو ڕۆشنبیرێك لە ئـەرکی سیاسـیەك یان ئیدارییەك کەمتر نییەو بگرە زۆر زیاتریشە چـونکە هـەموو ڕاچـەنینە ڕۆشـنبیری و فیکـری و ژیارییەکان لە ئەستۆی ئەوە، ئەوە ڕۆشنبیرە, بەرپرسە لەو هەموو هەڕەشەو گۆڕەشانەی کـە بـە شێوەیەکی مادی نامادی دەکرێتە سەر کۆمەڵگە.          (ئەسکەندەر جەلال)


﴿فازڵ عومەر رەشید﴾

کۆلێژی ئاداب – بەشی کۆمەڵناسی

زانکۆی سەلاحەددین


2004-2003

# ناوەرۆك


پێشەکی.........................................................................................................(3)

گرنگی لێکۆڵینەوەکە.................................................................................(4)
ئامانجی لێکۆڵینەوەکە.................................................................................(4)
گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە.................................................................................(4)
دەروازەي يەكەم (لايەني تيۆري).......................................................................(5-28)
بەشی یەکەم (چەمکەکان)...............................................................................(5-17)
(1-1) چەمکی ڕۆڵ ..........................................................................(5-6)
(2-1) چەمکی ڕۆشنبیر ......................................................................(6-16)
(1-2-1) واتای زمانەوانی ووشەی ڕۆشنبیر...............................................(6-8)
(2-2-1) واتای فەرهەنگی ووشەی ڕۆشنبیر................................................(8-13)
(3-2-1) شوناسی ڕۆشنبیر.......................................................................(13-16)
(3-1) چەمکی شەڕی ناوخۆ ..........................................................................(17-18)
بەشی دووهەم.............................................................................................(18-21)
(1-1) ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیر..........................................................................(18-19)
(2-1) ڕۆشنبیر و دیموکراسی..........................................................................(20-21)
بەشی سێهەم.............................................................................................(21-28)
(1-1) پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات:..................................................(21-28)
دەروازەي دووەم(لايەني مەيدانى).......................................................................(29-45)
بەشی چوارهەم.............................................................................................(29-30)
تەقەلاکان.............................................................................................(29-30)
1. کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە و نمونەی هەڵبژێردراو..........................................(29)
2. میتۆدی لێکۆڵینەوەکە.............................................................................(29)
3. ئامرازەکانی لێکۆڵنەوەکە.............................................................................(29-30)
(1) فۆڕمی ڕاپرسی (أستماره الاستبيان)............................................................(30)
(2) چاوپێکەوتن (المقابله)............................................................................(30)
(3)بوارەکانی لێکۆڵینەوەکە.............................................................................(30)
(4) کەرەستە ئامارگیریەکان.............................................................................(30)
بەشی پێنجەم.............................................................................................(31-46)
یەکەم: خستنەڕوی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان...............................................(31-45)

دووەم:ئەنجامیگیری..........................................................................................(46-45)
سێهەم:پێشنیارەکان..........................................................................................(46)
سەرچاوەکان و پەراوێەکان..........................................................................................(56-47)

## ثێشەكي:

ڕەنگە هەریەک لە ئێمە کەم بۆ زۆرکەوتبێتە بەردەم ئەگەری مەرتسییەکانی شەڕی ناوخۆ, هاوکات ئەو بارودۆخەی کەشەڕی ناوخۆ خوڵقاندنی سەرەڕای بەرئەنجام و کاریگەری و پاشماوەکانی لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هۆکارێکیش بوو بۆ دواخستنی هەرکاروپرۆژەیەک کە دەویسترا لە ڕێگەییەوە ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان فەراهەم بکرێت..لێرەوە هەڵبژاردنی ئاوها بابەتێکی کە ( ڕۆڵی ڕۆشنبیرە لە شەڕی ناوخۆدا ) بۆ توێژنەوەیەکی تیۆری- مەیدانی، کە لەبنەمادا هەڵگری مەبەست گەلێکی گشتییە و لە ناویدا مەبەستی سەرەکی ئەوەیە بزانین تا چەند ڕۆشنبیران وەک کاراترین چین لەناو کۆمەڵگادا لەبەرامبەر شەڕی ناوخۆ وەک قەیرانەکانێک ڕۆڵیان هەبووە؟ ئەگەر ڕۆڵیان هەبووە ئەم ڕۆڵە بە چ ستایل و ئاڕاستەیەک بووە؟ کارکردنی ئێمە لەسەر رۆشنبیران و رۆڵیان لەبنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا چاوەڕوانیەکی زۆر هەیە لەتوێژی رۆشنبیر بۆداکۆکی کردن لەماف و بەرژەوەندیەکانی کۆمەلأنی خەڵک, رۆشنبیران تاکە هێزی هەرکۆمەڵگایەکن کەدەسەلأت و پیاوانی سیاسی حسابیان بۆدەکەن, بۆیە رۆشنبیرانن کەدەتوانن فریاد رەسی یەکەمی خەڵک بن لەهەرقەیران و ئاستەنگ و کێشەیەک کەڕووبەڕویان دەبێتەوە, شەڕی ناوخۆش بۆخۆی قەیرانێکی بێ وێنەیە کاتێک کۆمەڵگایەک بەبارودۆخی شەڕی نێو خۆدا دەڕوات, کاروچالاکی و پرۆژەکانی ئەو کۆمەڵگایە توشی وەستان دێت, ئەوە هێزەکانی بە شەڕ هاتوو بیری لێدەنەوە بیناکرنی کورسییە لەسەرخوێنی یەکتر, شەڕی ناوخۆ دۆخێک دێنێتە ئاراوە کەتێیدا سیاسیەکان لەئاست بینینی حەقیقەتدا نابینادەبن, ئەوە رۆشنبیرەکەدەبێت هەم بینایی لێڵی سیاسیەکان روناک بکاتەوە لەپێناو بینینی حەقیقەت و هەم لەپێناو رزگارکردنی کۆمەلأنی خەڵک لەو قەیرانە فرە رەهەندە.... ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو دەروازەی سەرەکی پێکهاتووە،( دەروازەی یەکەم ) کە دەکاتە لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیە، هەوڵمان داوە چەند زانیاریەک بخەینە ڕوو، کە سێ بەشی لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە ئەم دەروازەیەوە، ئەوانیش دەرخستنی چەمکە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەکەیە، کە خۆی لەبەشی یەکەمدا دەبینێتەوە، بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لە سەر ڕۆڵی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیر و پەیوەندی بە زەمینەی دیموکراسییەوە، هەرچی بەشێ سێهەم و کۆتای ئەم دەروازەیەیە تایبەت کراوە بە دیاری کردنی هاوکێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەلأت.. بەلأم ( دەروازەی دووەم )، کە لایەنی پراکتیکی(مەیدانی) توێژینەوەکەیە، بەشی چوارەم و پێنجەم لەخۆیدادەگرێت، تایبەتن بەو هەوڵ و تەقەلأیانەی کە دراون بۆ بەدەست هێانی زانیاریەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە..

طرنطي لیَكۆلَینةوةكة: ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوە یەکی نوێیەو، لێکۆڵینەوەی لەم چەشنەمان نیە، هاوکارت هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەو ڕاستیەیی، کە ئایا تا چ ئاستێك ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگا ئێمەدا لە دۆخێکی نالەبەری وەك ئەو دۆخەی شەڕی ناوخۆ خولقاندنی، خۆیان بەبەرپرس و لێپرسراو زانیووە لەبەرامبەر دەرئەنجامەکانی ئەم دۆخە قەیراناوی‌یەدا، هەروەها هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات دا هەیە.. ئەمانە و چەندین شتی ترکەم بۆ زۆر دەچنە نێو چوار چێوەی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە..

ئامانجي لیَكۆلَینةوةكة: ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە لە ڕێگەیەوە، بگەین بە وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە: ئایا تا چەند ڕۆشنبیران خۆیان بە لێپرسراو زانیووە لە بەرامبەر درێژە نەکێشانی شەڕی ناوخۆدا؟ ئایا تاچەند شەڕی ناوخۆ توانی دوونیا بینی ڕۆشنبیران بگۆڕێت؟ ئایا ڕۆشنبیران توانیان خاوەن هەڵوێستێکی دەستەجەمعی ڕەخنە گرانەبن لە بەرامبەر شەڕی ناوخۆدا؟ ئایا ڕۆشنبیران تا چەند ڕۆڵی سلبیان گێڕا لەشەڕی ناوخۆدا؟ ئایا تا چەند ڕاگەیاندنی حیزبی لە هەوڵی ئەوەدا بوو ڕۆشنبیران لەخۆیدا بنوێنێتەوە؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر... گەیشتن بەوەڵامیان لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

طرفتةكاني لیَكۆلَینةوةكة: ئاشکرایە لەسەرجەم توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا, پێویستە کێشەیەك یان دیاردەیەك سەرنجی توێژەر بۆ خۆی رابکێشێت, بێشك یەکێك لەوکارەگرانانەی کەتوێژەر پێی هەڵدەستێت دیاری کردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە و جیاکردنەوەیەتی لەوبابەتانەی پێوەی پەیوەستن...رۆشنبیران و رۆڵیان لەشەڕی ناوخۆدا یەکێك لەوبابەتانەیە, وەستان لەسەری بایەخی تایبەتی هەیە, ئەوندەشی ئاگادارین لەم بارەیەوە شت ووتراوە, بەڵام ئەوەی نەکراوە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی(تیۆری –مەیدانیە), کاتێك شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێت و تین دەسەنێت, هێورکردنەوەی ئاوها بارودۆخێك پەیوەندییەکی بەتینی دەبێت, بەبەشداری چالاکانەی چینی رۆشنبیرەوە, هەڵبەت ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کاری سەرەکی رۆشنبیر وەستانەوەیە لەئاست ئەوقەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریانەی رووبەڕووی کۆمەڵگادەبنەوە,کتێك ئەم قەیرانە مایەی دروستکردنی نیگەرانیە و کاریگەری پاسڤ لەسەر لایەنی دەروونی و باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵك جێدەهێڵێت, ئەوە رۆشنبیرە کەدەبێت بەپێی ئەوپێناسەییەی خاوەنیەتی لەم ئاستەدا رۆڵ بگێڕێت, کێشە ئەوەیە کەرۆشنبیران لەکاتێکدا ئەم شەرە ماڵوێرانی بۆ کۆمەڵانی خەڵك هێنا, رۆشنبیران نەیان توانی کۆدەنگیەك بۆگرتن بەم شەڕە دروست بکەن.

# دەروازەی یەکەم ( لایەنی تیۆری )

## بەشي يەكەم (ضەمكەكان)

### (1-1) چەمکی رۆڵ ( concept of role ):

**بێگومان چەمکی ڕۆڵ، تابڵێی بەرفراوانەو خاوەن چەندها ڕوو ڕووخساری جۆراوجۆرە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لە هەر ڕەهەندێکی زانستییەوە سەیری بکەین لەوانەیە ماناو فۆرمێکی تایبەت بە خۆیگرێ، هەر بۆیە دەبینین ئالۆزی ئەم چەمکە وای کردووە چەندەها دیدو بۆچونی فەلسەفی و زانستی سەبارەت بە ناساندنی بەلای خۆیدا پەلکێش بکات، لەدەرئەنجامیشدا دەبینین چەندەها پێناسە و دیدی جیاواز لە هزری زانایاندا لە گشت زانستەکاندا سەریان هەڵداوە، جا لە ڕاستی دا هەر وایە چونکە لە کاتێکدا ئێمە بێین تەنها لە بازنەیەکی زمانەوانیدا بە دەوری ئەم چەمکەدا بسوڕێینەوە، پێدەچێت کەم وکورتی هەبێ و غەدریشی لێبکەین، هاوکات ئەگەر وەك چەمکێك تەنها یەك لایەنی وەربگرین لەوانەیە دیسان بکەوینە هەمان هەڵەوە، چونکە ناساندنی چەمکی (ڕۆڵ) زۆر جیاوازدەبێت لەدیدی زمانەوانێك و سۆسیۆلۆژستێك و ئابوری ناسێك و ..هتد، بۆیە ئێمە بە دیدێکی گشتگیر گەر بکریّ هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەك بۆ ئەم چەمکە بخەینە ڕوو.**

لەفەرهەنگی (المنجد)دا، کە لە ڕووی زمانەوانیەوە پێناسەی دەکات دەڵێت (ڕۆڵ) بریتییە لە (جووڵەیان گەڕانەوەی شتێك بۆ شوێنی خۆی یان بۆ شوێنێکی تر)(1) بەڵام (د.شاکر مستەفا سلیم) لەدیدێکی ئەنسرۆپۆلۆژییەوە وای دەناسێنی کە ڕۆڵ بریتییە لە وەرگرتن و لە ئەستۆگرتنی چەند ئەرك و فەرمانێك، جائیتر ئەم میکانیزمی بەجێ هێنانە لەلایەن کەسێکەوە یان دەزگایەك یان گرووپێکەوە بێ.(2)

بەدەستەواژەیەکی تر (ڕۆڵ) ڕەفتار, کردار یاخود ئەرکێکە کەسێك لەناوگرووپێکدا دەیگرێتە ئەستۆ، ڕۆڵ هەم وەك جۆری ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی تاکە کەسێك بەپێی نموونە گشتیە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی گروپ و هەم وەك شێوەی وەڵامدانەوەی چاوەڕوانی ئەوانی تر پێناسە دەکەن.(3) هەروەها (د. دینکن میْشیْل) پێناسەی (ڕۆڵ) دەکات کە بریتییە لەو ڕەفتارەی بکەرێك ئەنجامی دەدات یان سەرقاڵە پێوەی، ئەمیش بکەرەو لایەنی سەرقاڵی چڕنەکردۆتەوە بۆ تەنها کەسێك بەڵکو لەمە زیاتر فەزایەکی فراوانتری پێدەبەخشیّ بەو پێیەی بۆ دەزگا و گروپ و دەستەکارگێڕی و سیاسیەکان.. هتد پەلکێش دەکات.(4) لەلایەکی ترەوە (لینتۆن R.Linton) ڕۆڵ وەك(کۆی مۆدێلە کولتورییەکانی پەیوەست بە پێگەیەك و لە ئەنجامیشدا شێوەکانی تێگەیشتن، بەهاو ئەو ڕەفتارانەی کە کۆمەڵگایەك بۆ تاکە کەسێك یان هەموو ئەو تاکەکەسانەی کەپێگەیەکیان بەدەست هێناوە دەگرێتەوە) پێناسە دەکات.(5) هاوکات( تالکۆت پارسۆنز) پێناسەی ڕۆڵ دەکات، کە بریتیە لەو سیستەمە ئاڕاستەکراوە

هەمووەکیەی بۆ تاکی کارا, یان ڕێکخەرێکە لەبارەی گروپ و لە پەیوەندیەکانی و کارلێکی لەگەڵ گروپی تر، لەچوارچێوەی سیستەم و پێوەرە بەهاییەکان کارلێکەی لەسەر بەندە.(6)لەدیدێکی سۆسیۆلۆژیانەوە(د.احسان محمد الحسن) بۆ چەمکی ڕۆڵ دەڕوانیٚ وەواشی دەناسێنیٚ کە ڕۆڵ بریتییە لە میکانیزم و ئەو جوڵە کرداریەی کە شوێنی کۆمەلایەتی دیاری دەکات و دای دەڕێژیٚ، واتە لێرەدا هەرچی ڕۆڵە ئەوا لایەنی ڕوخساری و بەرجەستەیی ئەو شوێنیە کەجێی تاکە کەس یان دەزگا یان گروپ..هتد، بەدەستیان هێناوە یان دەتوانین بەمانایەکی تر بلێین(ڕۆڵ) ڕەنگدانەوەی ئەو شوێنەیە کە دەیجوڵێنیٚ.(7)

**لێرەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم چەند پێناسەیەیی کە بۆ (ڕۆڵ) لەدیدو دیدگای جیاواز وەخستمانە ڕوو، دەگەینە ئەو ڕاستیەیی کە (ڕۆڵ) ئەرکێکە کەسێك لەناو گروپێکدا دەیگرێتە ئەستۆ تاکەکەس تواناى گێڕانی ڕۆڵێکی دیاریکراو لە ڕێگەی فێربوونی دابونەریت و یەکبوون لەگەڵ مۆدێلە زاڵەکان بەدەست دەهێنێت، لەگەڵ گێڕانی ڕۆڵدا تاکەکەس ناسنامە بەدەست دێنێت و دەبێتە خاوەنی ڕەفتارێکی جێگر کە لەم ڕێگایەوە کەسایەتییە سەرەکییەکەی لەبەرامبەر ڕەوش و هەلومەرجێکی دیاریکراودا پەرچە کردار پیشان دەدات و لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت.**

## (2-1) چەمکی ڕۆشنبیر ( concept of intellegens ):

### (1-2-1) واتای زمانەوانی ووشەی ڕۆشنبیر:

سەرەتا دەبێت لەو بەڵگەنەویستەوە دەست پێبکەین کە (ڕۆشنبیر) وەك زاراوە وەك وەزیفە، ئاماژەدەکردنێك بۆ بوونەوەرێك، سەرهەڵدانی ڕۆشنبیر زاراوەیەکی نوێیەو مێژووەکەی لەیەك دووسەدە تێناپەڕیٚ نەك لەناو کوردا بەڵکو لە ئەوروپادا.(8) پێناسەی ڕۆشنبیر کردارێکی تێکەڵاوییە، چونکە وشەی ڕۆشنبیر کە بەرعەبی (المثقف)ی پیٚ دەوتریٚ و لەزمانە زیندووەکاندا مانای شتی جیاواز دەگەیەنیٚ، وشەی ڕۆشنبیر لەزمانی ئینگلیزیدا (intellectual)ی پیٚ دەڵێن و لەزمانی ڕووسیدا بەرامبەر وشەی (intelligemty)ی پیٚ دەڵێن.(9) دەکریٚ ئاماژە بەمانای ووشەی ڕۆشنبیران یان ڕوناکبیر و سروشتی پێکهاتەی و دروستبوونی ئەم چەمکە لەوڵاتە گەشەسەندووەکان بکەین، بەبەکارهێنانی ئەو چەمکە لەڕووی زمانەوانیەوە، بەکارهێنانی ئەم چەمکە دەستی پێکرد و لەبنەڕەتیشدا لەوشەی (intellectual)ی لاتینیەوە وەرگیراوە کە مانای بەهرەمەند و زاناو تێگەیشتوو دەبەخشێت، ئەنتلجنسیا دەخرێتە پاڵ توێژێکی کۆمەڵایەتی کە لەخەڵکانێك پێکدێن، خەریکی ئەنجامدانی چالاکییە هزرییەکانن، هەندێکیشیان زاناو هونەرمەند و ئەندازیار و تەکنیکار و پزیشك و پارێزەر و مامۆستان، واتە زۆر بەیان فەرمانبەرن و خەریکی ئەو چالاکیانەن کە پەیوەندیان بە پێشکەوتنی زانستی و هزرو ڕۆشنبیرییەوە هەیە. (10)وەك لە پێشەوەئاماژەمان پێدا لە ئینگلیزیدا لەبەرامبەر وشەی ڕۆشنبیری تێرمی (intellectual) بەکاردەهێنرێت. (11) بەڵام جگە لە

(intellectual) تێرمێکی (زاره‌وه‌یه‌کی) دیکه‌ش هه‌یه به ئینگلیزی ئه‌ویش (intelligemtia)ەکه هه‌ردووکیان له‌ڕووی پێناسه (lexical)فه‌رهه‌نگییه‌وه جیاوازیه‌کی ئه‌و تۆیان نیه، به‌ڵام ڕه‌نگه شوێنی به‌کارهێنانیان که‌مێك جیا بێ یان مه‌به‌ست له‌وه‌ی که (intellectual)و (intelligemtia)چیه له‌و ڕووه‌وه هه‌ندێك جیاوازی هه‌بێت ئه‌وه‌یان که‌جیاوازییه‌که، چیه‌و چۆنه زۆری له‌سه‌ر ناڕۆین، به‌ڵام پێم وایه (intelligemtia) تاڕاده‌یه‌کی زۆر په‌یوه‌ندی به ڕوناکبیرانی ڕوسیاوه‌هه‌یه و له‌سه‌رده‌مێك دا وه‌ك گروپ یان چینێکی به‌ژمارهاتوون، ئه‌ڵبه‌ت لای فه‌ڕه‌نسی و ئینگلیزیه‌کانیش به‌کارهێنراوه، به‌ڵام ئێستا له‌سه‌رده‌می ئێمه‌دا ئه‌وه‌نده‌ی من ئاگام له زمانی ئینگلیزی هه‌یه، که‌هێنده ئاگام له زمانی ڕووسی نیه، له‌زمانی ئینگلیزیدا(intelligemtia) بووه، به‌وشه‌ی به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ی که ئه‌مڕۆ ئێمه پێیده‌ڵێین(ڕووناکبیر) یان به گۆته‌ی هه‌ندێك که‌س (ڕۆشنبیر) و شێوه‌یه‌کی ستانداری وه‌رگرتوه.(12) ریمۆن ئارۆن ده‌ڵێت: زاراوه( intelligemtia ) له ڕواله‌ت دا یه‌که‌مین جار له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م له ڕوسیا به‌کارهات، به‌و مانایه‌ی که که‌سێکی ده‌گرته‌وه که زانکۆی ته‌واوکردبێ، که‌کاریگه‌ری فه‌رهه‌نگێکی غه‌ریبان له‌سه‌ر بوو، گروپی بچوکیان له‌ده‌ره‌وه‌ی چوارچێوه‌ی ترادسیۆنه‌کاندا پێکدێنا ئه‌و جۆره‌که‌سایه‌تیانه زیاتر له خانه‌واده‌ی ئه‌ریستۆ کراته‌کان ورده بۆرژواکان، ته‌نانه‌ت دێهاتیه خۆشگوزه‌رانه‌کانیش بوون، که دابڕان له‌کۆمه‌ڵگه‌ی کۆن و به پشت به‌ستن به‌و زانیاریانه‌ی که‌وه‌چنگیان که‌وتبوو، هه‌روه‌ها ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ی له‌به‌رامبه‌ر بارودۆخی جێگردا ده‌یانگرته‌پێش خۆیان یه‌ککگرتوو ده‌هاته پێش چاو.(13)

لێره‌دا بۆ ڕوونتربوونی باسه‌که پێویسته جیاوازی له‌نێوان دوو چه‌مکی ڕۆشنبیر(intellectual)و کۆمه‌ڵگای ڕۆشنبیران (intelligemtia) دابکه‌ین (intelligentsia) وشه‌یه‌کی ڕوسییه که له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌دا داهێنراوه، و مانای کۆمه‌ڵی لایه‌نگرانی هزرده‌گه‌یه‌نێت، وه‌ك تایه‌فه‌یه‌کی ئیماندارو خاوه‌ن بڕوا، که‌مه‌به‌ستیان بڵاوکردنه‌وه‌و ڕاگه‌یاندن و په‌ره‌پێدانی بنه‌ما ئایدۆلۆژی و ئاینیه‌کانه، به‌پێچه‌وانه‌وه ڕۆشنبیر (intellectual) وشه‌یه‌کی فه‌ره‌نسیه و مانای ئه‌و که‌سه‌یه که به‌هۆی ویژدانی ئه‌خلاقی تایبه‌تی خۆیه‌وه بڕوای به بنه‌ماگشتی و جیهانییه‌کان هه‌یه که تایبه‌تن به هه‌موو خه‌ڵك و هه‌ر بۆیه‌ش به‌رده‌وام هه‌وڵده‌دات به شێوه‌یه‌کی جیهانی بیر له‌مه‌سه‌له لاوه‌کیه‌کان و جوزئیه‌کان بکاته‌وه، یان به‌پێچه‌وانه‌وه ڕۆشنبیرێکی ته‌نیایه و بۆیه ئازاد و سه‌ربه‌خۆیه، له ڕاستیدا ئه‌و ته‌نیاییه‌ی ئه‌وه که توانای هه‌ڵسه‌نگاندنی ڕاست و دروستی کێشه‌کانی پێده‌دات.(14) ڕایه‌ك هه‌یه ده‌ڵێت: ڕۆشنبیری ڕوسی پێش شۆرشی ئۆتکتۆبه‌ر، بۆیه‌که‌مجار له‌به‌رهه‌می ڕۆمان نووسێك به‌ناوی (بوریکین) وشه‌ی ڕوسی (intelligentsia)یان، که هه‌مان وشه‌ی (ئینتلجینیا)ی لایتنی سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاسته، بۆ وه‌سف کردنی هه‌موو ئه‌و که‌سانه به‌کارهێنا که له دژی نایه‌کسانیه‌کانی کۆمه‌ڵگای قه‌یسه‌ری ڕوسیا ده‌جه‌نگان، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش چوونی ڕۆشنبیران بۆ ناو جه‌رگه‌ی خه‌باتی مۆدێرنیته وه‌ك گروپێکی کۆمه‌ڵایه‌تی که‌پشت به خواستی عادیلانه‌و ئه‌خلاقی و لێرانه ده‌سه‌ڵاتی بڵاوه پێ ده‌کردوو به‌بێ ئه‌وه‌ی

کەوابەستە بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو بێت و بەناوی ویژدانی هۆشیاری کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەدوا. (15)ڕەنگە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی چەمکی ڕوناکبیر یاریدەمان بدات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە.(16) یەکەم فەرهەنگی فەرەنسی کە ئاماژە بە وشەی ڕۆشنبیر intelligentsia بکات فەرهەنگی بەناوبانگی (لالاند)ە، (برانشفیك)یش لە بارەی ئەم وشەیەوە دەڵێت: لەبیرمەکە ساڵی 1890 و لە گفتوگۆیەکی سەرپێیدا گوێم لە مامۆستاکەم بوو (ئولی لیپرۆن olle laprune) کە ئەو وشەیەی بەکاردەهێنان ئەوکات وا دەردەکەوت کە وشەیەکی نوێبێت، بەڵام ئەوکات وەك ئاوەڵناو بەکاردەهات نەك وەك ناو ئاماژەش بوو بۆ intellectualism بەڵام ئەوەی کە تیایدا کۆکراوەیە لەنێوان ئاوەڵناو ناودا ئەو واتا ڕۆشنبیرەیە کە هەر لەسەرەتاوە وەریگرتووە (ئەندریە لالاند) دەڵێت: هەمیشە بەنزیکی واتایەکی ڕۆشنبیریی بەستراوە هەبوو بەو بەکارهێنە سلبییەوە کەوشەی (intelligentsia) ی بۆبەکارهێنراوە لە گفتوگۆ سیاسیەکاندا.(17) تەنیا لە توێی ڕەوتی گشتی هەڵوێستە وەرگێراوەکاندا بەرامبەری مەسەلەکەی دریفۆس دەتوانین لە بەکارهێنانی ئەم ووشەیە واتە ووشەی (ڕوناکبیر) تێبگەین. (18)

### 1-2-2) واتای فەرهەنگی ووشەی ڕۆشنبیر:

ڕەگی واتایی (ڕوناکبیر) بە مانای ئەمڕۆکەی ڕەنگە بتوانرێ لە ڕەوتی ئەو دادگایییەوە بدۆزرێتەوە کە تیایدا(ئالفریددریفوس)ی سەرهەنگی جولەکەکانیان دادگی دەکرد.(19) هەموو لێکۆڵینەوەکۆمەڵایەتی و مێژوویییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی چەمکی ڕوناکبیر بۆ یەکەمجار لەگەڵ مەسەلەکەی دریفوس دا سەری هەڵدا.(20) ئەمەش مانایی ئەوەنیە ناوەڕۆکی ئەم چەمکە پێشوتر بزر بووە، ئەوەتا مەسەلەی (سوکرات) و مەسەلەی (ڤۆلتێر) ئەگەر نەمانەوێ لەم دوانە زیاتر باسی کەس بکەین، لەم بارەیەوە دەلالەتێکی گرنگ لەخۆیاندا هەڵدەگرن و نمونەیەکی ڕاشکاو پێشکەش دەکەن دەربارەی چەمکی بیریار یان فەیلەسوف یاخود پیاوی ئاداب کە خەمە فەلسەفی و مەعریفیەکانی دووری ناخەنەوە لەوەی بایەخ بدات بەکاروباری شارودابەزێت بۆ ناو گۆڕەپانی گشتی و دەنگی بەرزبکاتەوە بۆ (هەق) و (داد) و داکۆکی لەبەها مرۆییە گشتییە پەتیەکان بکات، ئەوانەی (شیشرۆن) لەخۆشەویستی چەشنی مرۆڤدا کورتیان دەکاتەوە، وامزانی سیستمی نوێ (حوکمی داد دەخاتە جێی حوکمی ستەم بۆیە هەموو ئاگایی خۆمم تەرخان کرد بۆ ئەوەی ببینم چی دەکات، کەچی ئەو پیاو ماقوڵانە کارێکی وایان کرد، دیموکراسییەت وەکو سەردەمی زێڕین دیاربێت، کە پێشتر هەرخۆیان تێکیان شکاندبوو، ئەوانە گەیشتنە ئاستێك فەرمان بە سوکرات هاوڕێ پیرەکەی من (کە دوو دڵنیام لەوەی بەدادپەروەرترین پیاوی سەردەمەکەی ناوی ببەم) بکەن، بەشداری بکات لەدەسبەسەرکردنی هاوڵاتیەکدا، کە دەیانویست سوکرات بیەوێت و نەیەوێت لەکاروباری سیستمی نوێدا بەشداری بکات، سوکراتیش ملی نەدا بۆ

ئەمەو، ئامادەبوو بۆ بەرەو ڕووبونەوەی مەرگ مردنی پیٚ باشتر بوو لەوەی ببێتە ئامرازێك بۆ تاوانەکانیان.

بەڵام مەسەلەکەی ڤۆڵتێر یان ڕاستر مەسەلەی کالاس، لەوەدا کورت دەبێتەوە کەحەڤدەی تشرینی یەکەم 1762 دا لەکاتی گەڕانەوەی کالاسی بازرگانی تۆلۆسیی پرۆستانت لەسەرکارەکەین لەگەڵ خێزانەکەیدا لەشارێکی زۆرینەکاسۆلیکدا، بەو کارە دەژیان، بینی کوڕەکەی لەماڵەوە خۆی خنکاندووە، لەترسی عەیبەیی مەسەلەکەو نەوەکو کاسۆلیکەکان تەرمی کوڕەکەی بسوتێنن، باوکەکەوتی کوڕەکەم کوژراوە، بەڵام هەرزوو مەسەلەکە بەسەر خۆیدا شکایەوەو تاوانباریان کرد بە کوشتنی کوڕەکەی خۆی، ئەمەش بۆ ئەوەی نەهێڵێت بگەڕێتەوەو ببێتەوە بەکاسۆلیك، بۆیە پەرلەمانی تۆلۆز دادگاییەکی ڕوکەشی بۆ سازکرد پاشان لە سێدارەی داو دەستی گرت بەسەر موڵك و ماڵەکەیدا، بەڵام ژنەکەی و کوڕەکانی دەسبەرداری مەسەلەکەنەبوون، توانیان فەیلەسوفێکی گەورەی وەکو (ڤۆڵتێر) قایل بکەن تاداکۆکیان لێبکات، بۆیە کتێبەکەی ڤۆلتێر(هەوڵێك دەربارەی لێبوردەیی 1763) بووبە هاوارێکی گەورە لەناو کۆمەڵگای فەرەنسیدا، بوو بەهۆی ئەوەی جارێکی تر لە ساڵی 1765دا، لەپەرلەمانی پاریسدا فایلی مەسەلەکە بهێنرێتەوە بەردەست، دوای لێکۆڵینەوە دادگا بڕیاری بێتاوانی کالاس بدات و پاڵ بە پادشاوە بنێت ڕابسپێرێت قەرەبووی خێزانەکەی بکرێتەوە لەبەرئەوەی باوکیان لەئەنجامی چەوساندنەوەیەکی ئاینی دا کوژرا.(21) بەڵام ئەوەی لەکۆتایی سەدەیی نۆزدەدا لە فەرەنسا ڕوویدا، لەڕووی بەشداریکردنی چڕی بیریارەکانەوە لە ڕوداوەکەدا، بەهێزتربوو یاخود لەڕووی قەبارەی کاریگەری مەسەلەکەوە، کەئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی لەمێژووی بیری خۆرئاوادا، ڕوداوێکی ڕوناکبیری تازە بخولقێنێت, سەرهەڵدانی ڕووناکبیر بەو شێوەیە لە بیری نوێدا ڕسکا.(22)

لە بیست و دووی کانونی یەکەمی ساڵی 1894، یەکێك لە دادگا فەرەنسییەکان ئەفسەرێکی فەرلاەنسی پلە کاپیتانیان تاوانبار کرد، کەناوی(ئەلفرێددریفۆس) بوو، بەتاوانی دزەپێکردنی زانیارییە سەربازیەکان بۆ دوژمنی دێرینی فەرەنسا، واتە ئەڵمانیا لەسەرەتادا مەسەلەکە لەمەسەلەی سیخۆری و خیانەت دەچوو، پێدەچوو تاوانبارەکە شایستەی ئەوە بێت لەبەردەم جەماوەردا سوکایەتیی پێبکرێت و دووربخرێتەوە بۆ یەکێك لە دوورگە دوورە دەستەکان دوورگەی شەیتان، (23) کاتێك دریفۆس حوکمی بەسەردادرا بەزیندانی ئەبەد، بەڵگەی تازەتازە هاتنە دەرەوە کە باسیان لەبیٚ گوناهی دریفۆس دەکرد، (24)ئەمیل زۆرلای ڕۆماننوسی فەڕەنسا لە 13ی کانونی دووەمی 1898 نامەیەکی کراوەی بۆ سەرۆك کۆماری ئەوکاتە نووسی کە بەدەستەواژەی (تاوانبار دەکەم) دەستی پێکردبوو تیایدا لەشکر و دادی بەکارکردنی بە پێچەوانەی یاسا تاوانبار کرد، کلیمانسۆ، ئەم نامەیەیی لەلاپەڕەیکی ڕۆژنامەکەی خۆی (laurore) دابلاوکردنەوەو ئەویش هەرناونیشانی نامەکەی ئەمیل زۆرلای هەڵبژاردبوو، دووسەد هەزار دانەی ڕۆژنامەکەی فرۆشرا، زۆلا بەهۆی نووسینی ئەم نامەیەوە، دادگایکراو سیٚ ساڵ زیندانی و سزای سیٚ هەزار فرانکی بۆ بڕایەوە، دەست بەجیٚ و دوای بڵاوبوونەوەی نامەکەی زۆلا بەیاننامەیەك

ئیمزای نزیكەی سێ سەد كەسی لەسەربوو.(25) كەژمارەیەك لە پیاوانی ئەدەب و بیر ئیمزایان كرد، خۆشیان ناوناگروپی ڕوناكبیران، بەیانی ئەم گروپە لە ڕۆژنامەی سپێدەدا، بە مێژووی 14ی كانونی دووەمی 1898 بڵاوكرایەوە، ئەمەی خوارەوەی تیادا هاتبوو: " ئێمە كە لەخوارەوە ئیمزامان كردووە، دژی پێشێلكردنی شێوازە یاساییەكان لەمەحزەرەكەی ساڵی 1894دا، دەوەستینەوەو ناڕەزایی دەردەبڕین لە ناڕوونی مەسەلەكەی ئیسترازی(یەكێكە لە لایەنەكانی مەسەلەكەی دریفۆس و عەقڵی ڕێكخەری دادگایكردنەكەی دوای ئەوەی مەسەلەكەی لێكەشف بوو ڕای كرد بۆ ئەڵمانیا) سوریشین لەسەر دووبارە پێداچوونەوەی مەسەلەی دریفۆس چەند ناوێكی گەورە بەیانەكەیان ئیمزاكرد.(26) گەلێك نووسەر و هونەرمەند و زانایانی فەرەنسا لەوانە ئەناتۆڵ فرانسیس و مارسیل پروست و دانیاڵ هاڵڤییش دیاربوون، هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوكرایەوە كە نامەكەی تیادا بڵاوكرابووەوە. (27) سەرنوسەری ڕۆژنامەكە مەزبەتەكەی ناونا بە (manifest desintellectuls) واتە مانیفێستۆی ڕۆشنبیران، (28) ئەم بانگەوازە كەلەلای ڕای گشتی دا بە (بەیاننامەی ڕوناكبیران) ناسرا، لەشكر و دادی فەرەنسای ئەودەمی ناچاركرد بە پاشەكشێ و چاوپێداگێڕانەوەی لە ڕای خۆیان كرد، پێگەیەكی تایبەتی بەڕوناكبیرانی فەڕەنسا بەخشی و ڕۆڵ و نفوزی لەكۆمەڵ و ڕای گشتیدا فراوان كرد.(29) ئەگەر سەرنجی لایەنە جۆراوجۆرەكانی ئەم بەیاننامەیە بدەین كە لە ڕاستیدا چەمكی ڕۆشنبیر لە كۆمەڵگای نوێی ئەورووپادا تەنیا وەك دەستەواژەیەكی پیشەیی و كۆمەڵایەتی دەرناكەوێت، بەڵكو وەك ویژدانێكی جیهانیش لەقەڵەم دەدرێ كە خاوەن پەیام و ئەركێكی سیاسی و ئەخلاقیە.(30) مەسەلەكەی دریفۆس، كێشەیەكی ڕوناكبیر بوو، سەركەوتنی ئەنتلجنسیای تۆماركردیان سەركەوتنی ڕوناكبیرە بچوكەكان بەسەر ڕوناكبیرە گەورەكاندا، بەڕای بیریارێكی سەربەپێڕەوی سان سیمۆن دەتوانین بڵێین: بریتی بوو لەسەركەوتنی حوكمی بیر بەسەر حوكمی ئەریستۆكراتیەتی بیردا.(31) ئێمە لێرەدا باسی ڕوداوەكەی دریفۆسمان كرد تاكو ئەوە نیشان بدەین كە زاراوەی ڕۆشنبیر) زارەوەیەكی نوێیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیەدایە كە ئاماژە بەدەستەو تاقمێك دەدات هەستی دژایەتی كردنی ئەو دەستەو تاقمەش سەرهەڵدەدا، كەواتە گرنگە بزانین ڕۆشنبیر داهێنانێكی زۆر تازەیە.(32)

وەك دەبینین ڕوناكبیر بەڵگەی لە دایكبوونی هەیە، لە دایكبوونی مەسەلەیەكی كۆمەڵایەتی سیاسی نێودارەو لە مێژووی فەرەنسادا بەمەسەلەكەی دریفۆس ناسراوە.(33)لێرەوە ڕۆشنبیر ڕەگی لە ئەندێشەی ڕۆژئاوادایە و لەوێدا باڵای كردووە، بەپێی ئەوپێداویستیە مێژوویانەو جیاوازییەك كە توانیویەتی لەنێوان عەمەل و زەیندا قایل بێ و بە جۆرێك لە خۆشوناسی دەرونی بكات و لەم خۆشوناسینەدا توانیویەتی وێنەیەكی دیارو بەرچاو لەخۆی لەبیركردنەوەی، لە ئەندێشەی لە عەمەل و لەزەیندا، لەعەمەل و لە ئەفراندنەوەی ئەندێشەی خۆی لە ڕەوتی عەمەلەدا بە جیهانی ئەمڕۆ پیشان بدات. (34)

**دواجار دەگەینە ئەوەی کە لە بنەڕەتدا چەمکەکە واتە چەمکی ڕۆشنبیر پێشینەیەکی ئەوروپی هەیە و پابەندی مێژوویەکی تایبەتە کە ئەو چەمکە تیایدا دروست بووە...**

بەڵام کاتێك دێنین لە ڕووی مێژووییەوە بۆ شوناسی ئەم چەمکە واتە چەمکی ڕۆشنبیر دەگەڕێین لەناو ڕۆشنبیری خۆماندا (واتە ڕۆشنبیری کورد) دەبینین دید و بۆچوونی جیاواز دێتە ئاراوە سەبارەت بەم مەسەلەیە، بە پێی سەرچاوە جیاجیاکان. ئەگەر لەڕووی مێژووییەوە سەیری بکەین ئەوا دەبینین ئەو پێناسەیەی کە بۆ ڕوناکبیری کورد دانراوە و ئەو پێوەرەی کە ڕوناکبیری کوردی پێ پێوراوە لە قۆناغەکانی ژیانی کورددا دانراوە، بەڵام دواتر و لەسەردەمێکی دیکەدا ئەو پێناسەو پێوەرانە هەڵوەشاونەتەوەو پێوەرو پیناسەی دیکە جێگایان گرتونەتەوە. (35) بۆ نمونە ئێمە لەسەر دەمێکدا شێخ و مەلاو میرزامان هەبوو کە تاکە خوێندەوارو پێشڕەوی ئاینی و سیاسی و ئەدەبی ناوکۆمەڵگای کوردی بوون.(36)ەکۆتایی سەدەیی نۆزدەو سەرەتایی سەدەی بیستەمەوە چەشنێکی نوێمان لە ڕۆشنبیران بۆ دروست دەبێ کە چیدی لەمزگەوت و حوجرە ئاینیەکانەوە دەرناچن، بەڵکو لە دەزگا گەلێکی نوێوە کە بەرهەمی مۆدێرنەیە، وەکو قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە نوێ و تایبەتمەندە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هێدی هێدی جێگای بەڕۆشنبیری تەقلیدی چۆڵ دەکات و دەبێتە(گروپێکی ستراتیژی) نوێ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا.(37) ئەگەر دووبارە لەڕووی مێژووییەوە تەماشا بکەین، ئەو زاراوەی کە بۆنیۆ هێنانی ڕوناکبیر بەکارهاتووە تا ساڵانی (1925)یش ووشەی (مونەووەر)بووە، واتا بە ڕوناکبیر دەگوترا(مونەوەر) دیارە مونەوەریش ئەو (term) زاراوە گشتیە بوو کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا نەك هەربەتەنیا لەلایەن کوردەوە بگرە لەلایەن میللەتانی دیکەشەوە بەکارهاتووە، واتە خەڵك بە خوێندەوار و ڕوناکبیریان گوتووە موونەوەر کە بەمانای (مثقف)ی عەرەبی و (ڕۆشنبیری) ئێستای کوردی بەکاردەهێنرێت و مەبەستم ئەوەیە کە (term) زاراوەیەکی گشتی بووەو کوردیش وەك میللەتانی دیکە وشەی (موونەوەر)ی بەکارهێناوە، پێناسەی کۆنی (موونەوەر)یان ئەو کەسەی بەموونەوەر لەقەڵەم دراوە بەگوێرەی ئەو کۆمەڵی تێکستی سەربەخەڵکی دیکەی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەر لە هەمووان(مەلایەکان) فەقییەکان(دیارە ئەو فەقێیانەی لە خوێندنی باڵا بوون نەك ئەو فەقێیانەی تازە دەستیان بە خوێندنی ئاینی کردبوو) شێخە خوێندەوارەکان، سۆفیەکان و دەرەبەگەکان پێیان دەگوترا(موونەوەر) یان (ڕوناکبیر) ئەم پێناسەیە تا ساڵانی 1920یان کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی هەبووەو ڕوناکبیر ئەم کەسانەی گرتۆتەوە کە مەلا و سۆفی و شێخ و دەرەبەگ بوون. (38) هەر سەبارەت بە موونەوەر کورد هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە یان باشتر وایە بڵێین هەر لە کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە هەندێك (term) زاراوەی بۆ خۆی دروست کردووە دوو لەو زاراوانەی سەرنجی منیان ڕاکێشاوە کە زۆر سەیرو لە هەمان کاتیشدا زۆر لێکدی نزیکن، یەکێکیان ئەو زاراوەیە کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا(میقداد میدحەت بەدرخان) بەکاری هێناوە کە بەخوێندنەوەی تێکیستەکە بۆت دەردەکەوێ کە وامەبەستی لەبەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ڕوناکبیر

بووە. (39) ڕایەك هەیە دەڵێ کە (ڕۆشنبیر) درێژکراوەی ڕۆڵی مەلاو زانا ئاینیەکان و شاعیرە کوردەکانە هەر لەسەدەی هەڤدەهەم و تاکۆتایی سەدەی بیستەم، کێشەی ئەم لایە لەوەدایە کە تێکەڵ کردنێکی مەنهەجی و مەعریفی و فیکرییەو چەمکەکان و وەزیفەکان چ فیکری و چ ئیداری و چ کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات و هەڵدەستێ بە پرۆسەی (projection)(اسقاطات) لە دیدی ئەمڕۆوە و سەپاندنی بەهاکانی و ماناو وەزیفەکانی ئەمڕۆ بەسەر سەردەمە جیاوازەکاندا و نەبوونی قودرەتی جیاکردنەوەی خاسیەتەکانی سەردەمە جیاوازەکانە، ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر زادەی ئەو قۆناغەی مۆدێرنێتەیە کەتێیدا پرۆسەی بەتایبەتیکردن و بەپسپۆڕکردنی بوارە جیاوازەکانە. (40)هەر لە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و زانا ئاینیەکاندا وا باشە پێ لەسەر مەسەلەیەکی گرنگ داگرین، ئەویش هەڵەی بەیەکدی شوبهاندنی ڕۆشنبیران و مەلا ئانیەکانە، لە کوردستاندا مەلاکان لە ڕۆژگارێکی تایبەتدا بە شێوەیەکی گشتی هەم خوێندەواران و هەم ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای ئێمە بوون و ئەوان دەستنیشانی ئەوەیان کردوە هەقیقەت چیەو کامەیە، بەڵام ئێمە ئێستا لە کۆمەڵگایەکی تەواو جیاوازدا دەژین و تێکەڵکردنی، ئەم دوو گروهە یان شوبهاندنی ڕۆڵی یەکێکیان بە ئەوەیەدیکەیان، یاخود وێناکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە ئێستادا لەسەر مۆدێکی ئەو ڕۆڵانەی کە مەلاکان لە قۆناغەکانی پێشتردا بینویانە کارێکی ناڕاستەو لە ڕووی مەنهەجی و فیکری و زانستیەوە هەڵەیە، وێناکردنی ڕۆشنبیر وەك(مەلایەکی تازە) یان (مەلایەکی هاوچەرخ) هەڵەیەکی مەنهەجی و سۆسیۆلۆژی گەورەیە.(41) (بەختیار عەلی) دەڵێت: بۆ خۆ لادان لەهەر گرفتێکی تیۆری دەمەوێت بڵێم وشەی ڕۆشنبیر بە مانا گرامشییەکەی بەکارناهێنم لێرەوە ناتوانم بەکادێرێکی حیزبی و بەمامۆستایەکی ئامۆزشکار بڵێم ڕۆشنبیر، ناتوانم بە ئەندازیارێك کە ڕێگا دەکێشێت و پیاوێکی ئایینی کە پێشنوێژی دەکات، بڵێم ڕۆشنبیر، بە حاکمێك کە لەدادگا حوکم دەکات و مامۆستایەك لە ئامادەی یان لە زانکۆ وانە دەڵێتەوە سیاسەتمەدارێك خوتبە دەدات، واتە بلیغ و تەحزیر دەکات بڵێم ڕۆشنبیر، هیچ یەکێك لەمانە تەنیا بەحوکمی وەزیفەکەیان، تەنیا بە حوکمی ئیشکردنیان لە دەستگایەکی مۆدێرندا نابنە ڕۆشنبیر، دەشێت قازییەکان و پارێزگارەکان و ئەندازیارەکان و پیاوانی ئایین و مامۆستایانی زانکۆ، ڕۆشنبیری خۆیان هەبێت، نوخبە و هەڵاوێردی خۆیان هەبێت کە گەشەبە بوارەکانیان دەدەن کەوردتر و لە پێشتر لەوانی دی شارەزای کایەکانی خۆیانن و بوێرانە بیر لە تازەکردنەوەی دەکەن، بەڵام بەودیویشدا دەشێت بوارێکی ئۆرگانی ژیانمان هەبێت پڕ بێت لەکادێری مامناوەندی و لیواو لێوبێت لە فەرمانبەری بچوك کە کۆی دەزگاکانی دەبەنبەڕێوە کەچی یەك ڕۆشنبیری تیا نەبێت.(42)

لەم سەروبەندەدا سەبارەت بە شوناسی ڕۆشنبیر و یەکەمین ساتی دەرکەوتن و لەدایك بوونی ئەم چەمکە، لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەکەویە بەردەم دووڕیانێك بە پێی جیاوازی تێڕوانینەکان یانیش بڵێم بە پێی سەرچاوە جیاجیاکان، بەشێك لەمانە پێیان وایە کەچەمکی ڕۆشنبیر خاوەن سەرەتایەکی مێژووییەوە دەکرێ ئەم سەرەتایە بگێڕینەوە بۆ ئەو ساتە وەختەی کە تیایدا شاعیر و مەلا و سۆفی و

**خوێندەوار و..هتد، دەرکەوتوون و هەڵگری پەیامێکی ڕۆشنبیرانەبوون، بەڵام بەشێکی دیان ئەم دەرکەوتەیە، واتە بوونی شاعیر و مەلا و خوێندەوارو..هتد، بەسەرەتایەك بۆ لەدایك بوونی ئەم چەمکە دانانێن، پێیان وایە ئەم چەمکە زادەی قۆناغی مۆدێرنیتەیە کە تیایدا، پرۆسەی بەتایبەتکردن و بە پسپۆرکردنی بوارە جیاوازەکانە، دواجار وادادەنێت هەرجۆرە قسەیەك لە دەرەوەی ئەم لۆژیکە تێکەڵکردنێکی مەنهەجی و معریفی و فکرییە.**

## (1-2-3) شوناسی ڕۆشنبیر:

پێناسەکردنی ڕۆشنبیر و دەستنیشانکردنی ناسنامەکەی بەشێوەیەکی ڕوون و ووردەکارانە کارێکی ئاسان نیە هۆی ئەوەش جیاوازی واتەی ڕۆشنبیرە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و تێکەڵبوونی ئەم چەمکەیە لەگەڵ ئەو چەمکانەی لێوەی نزیکن و پێوەندیان پێوەی هەیە، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین تێڕوانین سەبارەت بە چەمکی رۆشنبیر لە ڕوانگەی مەعریفی یان ئایدیۆلۆژی جیاوازە، بەو جۆرە ئەوەندە پێناسە لە ئارادایە کە زۆرجار گرانە مرۆۋ بتوانێ ڕۆڵ و کاریگەری و پایەی ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگادا دیاری بکات، بۆ نمونە، دەشێ بپرسین: ئایا ڕۆشنبیر بیریاری جیکارەو چەکدارە بەڕوونبینی(چەمکی فیبەر)، یان ئەو بیریارەیە کەلەبواری ڕۆشنبیری و بیری ڕووت دا شارەزایەو دوورە لە کێشەکانی ژیان(چەمکی پارسونز) یان ڕۆشنبیری ئورگانیکییە(چەمکی گرامشی) یان ئنتلجینسیا یاخود...؟ بێ ڕۆچونە نێو هەموو ئەو وردەکاریانەی سەبارەت بەکێشەی پێناسەکردنی ڕۆشنبیر بە شێوەیەکی گشتی لە ئارادان، دەشێ بەلایەنی کەمەوە دوو ئاقاری سەرەکی دەستنیشان بکەین کە دەتوانین هەموو پێناسەکانی تیادا کۆبکەینەوە: ئاقاری تایبەتی تاکە کەسی پێ لەسەر ئەو سیفەتە گشتیانە دادەگرێ کە ڕۆشنبیری پێ دەناسرێتەوەو ئاقارێکی فرمانی کۆمەڵایەتی کەپێ لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگا دادەگرێ، هەندێکیش هەن ئەو دوو ئاقارە بەشێوەیەك لە شێوەکان پێکەوە دەبەستنەوە بۆ پێناسەکردنی ڕۆشنبیر. (43) بەڵام ئەگەر ئێمە(بیریاران)مان وەك هێماکردنی بۆ ئەو وشەیە بەکارهێنا کەو هاوتای وشەی (intellectual) ە لەزمانە نوێیە خۆرئاواییەکاندا( بەڕوسی (intelligenty) بەئەڵمانی (intelligenz) بەفەرەنسی (intellectuals) ، ئەوا چەند پێناسەیەك بۆ ئەو زاراوەیە بەدیدەکەن.(44)

ڕاستە هەموو پێناسێك بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆرێکە لە خیانەت لەو بابەتەی کە پێناسەیدەکات چونکە هیچ پێناسەیەك ناتوانێت کۆی ئاڵۆزییەکانی ئەو دیاردەیە نیشاندات کە دەخوازێت پێناسەیبکات، بەڵام پێناسەکردن وەك زۆر لایەنی تری کاری مەنهەجی ناچارییەکەو ناتوانین دەستبەرداری ببین، وەك سەرەتا لەو ڕاستیە سۆسیۆلۆژییەوە دەستپێدەکەم، کە ناکرێ پێناسێکی جێگر و هەمیشەیمان بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر هەبێت، پێناسێکی میعیاری کە بۆ هەموو کات و سات و هەلومەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بشێت.(45) یەکێك لە هەوەڵین پێناسەکان،

کەبۆ ڕوناکبیر کراوە، لەدوای ڕوداوەکەی (ئالفرید دریفوس) و بو کە لەلایەن(ئەناتۆل فرانسس) کە یەکێ بوو لەوانەی کە ئیمزای بەیاننامەکەیان کرد لەلای ئەو (ئەو کۆمەڵە زانایەیی کۆمەڵن کەبێ ئەوەی ئەرکێکی سیاسی لە پشت چالاکییەکانیان لە بواری پیشەکەیانەوە بێ، لەکاروبارێکدا خۆتێ دەگەیەنن و قسەدەکەن کە بەبەرژەوەندی و چاکەی گشتی کۆمەڵەکەوە پەیوەستە. (46) ئەم پێناسەیەکە لەماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوو، وەك پێناسەیەکی گشتی، ڕەنگرێژی بۆ تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەشێکی هەرە زۆر لە نوسەران، هونەرمەندان و بیرمەندان کردووە، ئەگەرچی تارادەیەك سنوری نێوان ڕۆشنبیران و باقی جەماوەر ئاشکرادەکات، کە ئەویش خۆتێهەڵقورتاندنە لە کێشە گشتییەکان.(47)

مەولوولی ڕۆشنبیران پێناسەی زۆر بە خۆهەڵدەگرێ، هەر بۆ نموونە هەندێکیان باسی دەکەین، بیریارەکان کۆمەڵە کەسێکن، کە رووخسارە تایبەتیەکانیان توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت خۆبگەیەننە ئەو دەستکەوتانەی بەهایەکی ڕۆشنبیری مەزنیان هەیە. (48)ڕۆشنبیران ئەو توێژەی نێوان فێرخوازەکانن کە خواستی سیاسیان هەیەن چ ڕاستەوخۆ بەکۆشش کردن بۆ ئەوەی ببن بە چەکی کۆمەڵگاکەیان، یان ناڕاستەوخۆ بە کۆشش کردن بۆ داڕشتنی ویژدانی کۆمەڵگەکەیان و کارکردن لەسەردەسەڵاتی سیاسی لە بڕیاردانی گەورەدا(ئەدوار شیلز).(49) (عەلی حەرب) دەڵێت: بە پلەی یەکەم مەبەستم لەڕۆشنبیر ئەو کەسەیەکی سەراقاڵی کێشەی ماف و ئازادییەکانەو، بە فیکر و گفتوگۆ یان بە نوسین و هەڵوێستەکانی داکۆکی لە سیاسەتی ڕاستی و بەها ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتی و گەردوونیەکانی دەکات.(50)..(ئەرەگۆن) پێی وایە کە (ڕۆشنبیر) بەپێویست دەبێ عەقڵی ڕەخنەگرانە بەکاربهێنێ.(51) ڕۆشنبیر دروست ئەو شتەیە کە (ئۆکتاڤیۆبان) لەبارەیەوە دەڵێت: دەبەنگە ئەگەر خەڵك قبوڵ نەکات و تەنها خۆی بەنیشانەی واقع بزانێت، یانیش ئەوەی (هەرتسن) لە بارەیەوە دەڵێت:(ژیان ئەرکێکی گەورەی کۆمەڵایەتیەو ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دەبێ بەردەوام خۆی بکاتە قوربانی کۆمەڵەکەی.(52) بۆیە دەکرێ لە (شەمسی تەبریزی) فێربین کە بەحەزێکی عاشقانەوە دەڵێ(ئەهلی ئەندێشە) ئەوە حەکیمانەن بۆ بەرژەوەندی خەڵك بیردەکەنەوە.(53) (کەیخوسرۆ جەمشیدی) دەڵێت: ڕۆشنبیر پێویستە لەخۆیدا هەست بەم بەرپرسیە بکات، بەرامبەر، بە ئاگایی خۆی مولتەزم بێت، ڕۆشنبیر هەمیشە هەق پەرستەو بە دوای هەق دەگەڕێت، کاتێك عەدالەت بۆ کۆمەڵگایەك بە پێویست زاندرا بە ناچاری دەبێ کە پێداویستییە لە پێناوی تێبکۆشێت.(54) هەروەها (ئەلبیر کامۆ) دەڵێت: ڕۆشنبیر پارێزەری گیانی مرۆڤە.(55)

ئەنتۆنیۆگرامشی یەکێکە لە فەیلەسوفە دیارەکانی ئیتالیا، ڕۆشنبیران بەسەردوو گروپی سەرکی دابەش دەکات:

گروپی یەکەم: ڕوناکبیرانی ئاسایی (traditional intellectuals) وەك: مامۆستا یان قەشەکان، بەڕێوەبەران و کارمەندان کە کاریان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەردەوام دەبێ.

گروپی دووەم: ڕوناکبیری ئۆرگانێك (organic intellectuals) کەلای گرامشی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ چینەکان یان ڕێکخراوەکان داهەیە، کە ڕووناکبیرانیان بۆ ڕێکخستنی داواکارییەکان، وەدەستخستنی دەسەڵات و جڵەوی فراوانتر بەکارهێناوە.(56) بەپێی چەمکی (گرامشی) ڕۆشنبیر بە تەنها ئەوە نیە خاوەنی ڕۆشنبیری و ئەپستمۆلۆژیابێت، بەڵکو پێویستە ڕۆشنبیر ڕۆشنبیرێکی ئۆرگانێکی و ڕەخنەگربێت، کەواتە گرامشی مەرجی بۆ ڕۆشنبیر هەیە و دەیەوێ ڕۆشنبیر ئاوێتەی جەماوەربێت، یانی موعاناتی جەماوەر لەسەر شانی ڕۆشنبیربێت و ڕۆشنبیر لە هزر و بۆچوونی خۆیدا موعاناتی خەڵك دەربڕێت. (57)ڕۆشنبیری ئۆرگانی بەهەڵگری ئاڵای شۆڕش وگۆڕان دادەنێت، بەشێوەیەك مەرجە پابەندبێت بە چینێکی سەرەکیەوە کە خاوەن تیۆرێکی شۆڕش گێڕانەبێت بۆ پرۆژەیەکی داهاتوو،بە دەستەواژەیەکی تر(ڕۆشنبیری ئۆرگانی) لەلای گرامشی، ئەو ڕۆشنبیرەیە کەسەر بە چینێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی بەرچاوو ڕوونە بۆ ڕابردوو هەروەها بۆ داهاتوو.(58)

ڕۆشنبیری ئۆرگانی بەرهەمی ڕۆشنبیرییەو بەرهەم هێنی ڕۆشنبیریە؟ ئەمەش پێویستە ببێتە چەکێك لە پێناوی ئازادکردنی هێزەکانی بیرو، مرۆڤ لە پاشکۆیەتی دامەزراوە ئایدۆلۆجیە کۆنەپەرستەکان.(59)

ڕۆشنبیری ئۆرگانی ئەرکی هەڵوەشاندنەوەی ئەو کوتلە مێژووییەی پێدەسپێرێت، کە ڕۆشنبیری تەقلیدی خزمەتی دەکات لە ڕێی شێواندنی ڕۆشنبیر بەشۆڕش گێڕییەکانی لەگەڵ ئەمەش لە ڕێی باڵادەستی ئایدۆلۆجیا کۆنە پەرستە پەناگرتووەکان.(60) عەتانەهایی، لە پێناسەی بۆم چەمکەدا دەڵێت: وەڵامێکی ئامادەو گشتگیر هەیە، کە ڕۆشنبیر بەو مرۆڤە ئازادە دەزانێ کە بەبێ سەرنجدان بە چاکەو بەرژەوەندی تاکەکەسی هەموو بەهرەی داهێنان و زانست و تیۆرێکی خۆی لەپێناو ژیاندنەوەو گەشەپێدان و لە ئەنجامدا چەسپاندنی حەقیقەت و ڕاستی وەگەڕدەخات ئەو مرۆڤە کە لەبەرامبەر هەموو کەس و ناوەند و دەسەڵاتێکی دژ بە حەقیقەت، بەوپەڕی فیداکاریەوە تاڕادەی خۆ بە قوربانیکردن تێدەکۆشێ و چاوەڕوانی هیچ خەڵات و پاداشتێکیش نابێ.(61)لێرەشەوە (فۆکۆ) ڕای وایە کە ڕۆشنبیر بەمانای سیاسیەکەی, نەبەمانای سۆسیۆلۆژی و پیشەییەکەی (واتە ئەو ڕۆشنبیرەی کە زانستەکەی و پسپۆڕێتیەکەی دەخاتە گەڕ بۆ خەبات لەپێناو بەرگریکردن لە هەقیقەت.(62)مەریوان وریا قانیع: بەرلەوەی پێناسەی ڕۆشنبیر بکات، ئامارژە دەدات بەوەی کە بە سەهوداچونێکی گەورەیە پێمان وابێت دەتوانین ماناکانی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری یەکجاری و بۆهەتاهەتا، دەستنیشان بکەین، ڕۆشنبیر بەحوکمی ئەوەی لە قۆناغی جیاجیا ئەرکی جیاجیای لەسەرە بۆیە لەبەردەمی هەلومەرجە مێژوویە جیاجیاکانیشدا مانای جیاواز دەگرنەخۆ. (63) ئەمە هەمان باوەڕی (گرامشی)یە کە دەڵێت هەڵەیەکی گەورەیە کە بمانەوێ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ چەمکی ڕۆشنبیران دا هەوڵ بدەین پێناسەیەکی سەرڕاست بۆ هەموو ڕۆشنبیران و چالاکیەکانیان بدۆزینەوە، بەڵکو تەنیا ڕێگەی دروست ئەو یەکەپێوەندی بونیادە فکرییەکانیان لەگەڵ بونیادی گروپە کۆمەڵایەتیەکان دا دەربخەین. (64)(محمد ئارگۆن) دەڵێت ناکرێت قسە لە ڕۆشنبیر بکەین کە ڕۆشنبیر پێناسەیەکی گشتی و جیانشمولیە، چونکە

دەوری ڕۆشنبیر و ئەرك و برەپرسیارێتیەكانی دەور و ئەرك و بەرپرسیارەتی گشتی و جیهانیشمولین. (65) بەو پێیە هەر هەوڵێك بۆ پێناسەكردنی ڕۆشنبیری ناتوانیٚ و نابیٚ لەسەر بونیادی ئەقلانیەت، ڕەخنەگری نوێخوازی و گرنگیدان بە بیرو ئەندێشەی تاك دانەمەزریٚ.(66)

**لەكۆی گشتی ئەو پێناسانەی ئێمە سەبارەت بە چەمكی ڕۆشبیر خستمانەڕوو، دەگەینە دوو جۆر لە تێڕوانین، یەكەم: ئەگەر پێوەری ئێمە بۆ دۆزینەوەو ناسینی ڕۆشنبیر لە كۆمەڵگای خۆماندا پێناسە جیهانیەكان بن دەتوانین بڵێین زۆر بەدەگمەن رۆشنبیرمان هەیە، هەربۆیە لێرەوە ناچار دەبین بێین لە كۆمەڵگای خۆمان بەپێی تایبەتمەندیەكانی خۆمان، ڕۆشنبیر پێناسە بكەین، واتەدەبێت بزانین دەنگدانەوەی ئەم وشەیە لەلای خەڵك چیەو كامانەن ئەو كەسانەی لە كۆمەڵگای ئێمەدا پێیان دەگوتریٚ ڕۆشنبیر، نوسەران، شاعیران، سیاسەت مەداران و ئەوانەی خوێندنی باڵایان تەواوكردووە، بەردەوام لەلایەن خەڵك بە ڕۆشنبیر ناوزەد كراون...دووەم: یان دەكریٚ لە تەواوی ئەو پێناسانەی لە دیدو دیدگای جیاوازەوە، بۆ چەمكی رۆشنبیر وەرمانگرت، لە ڕەگەزە سەرەكیەكانی خودی ئەو پێناسانەو بە سودوەرگرتن لێیان بگەیینە پێناسەیەكی گشتگیر بۆ ئەم چەمكە چونكە سەرجەمی ئەو پێناسانە لە هەندیٚ خاڵی جەوهەریدا یەكدەگرنەوە.لێرەوە دەكرێت بڵێین،( ڕۆشنبیر) بەكەسێك دەگوتریٚ، كە هەست بە بەرپرسیارێتی بكات و داكۆكی لە ئازادی و مافی سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگا بكات، بەپێویست دەبیٚ خاوەن ڕۆحیەتێكی ڕەخنەگرانە بێت، بایەخ بدات بە مەسەلە گشتییەكانی ناو كۆمەڵگا، بەشێوەیەك لە خزمەت ڕای گشتی دابیٚ بۆ بەرگری كردن لە هەقیقەت، دواجار دەربڕینی ئەو بایەخپێدانە گشتیانە بەمەبەستی كاركردن سەركۆمەڵگەو دەسەڵات بێت .ەنگە مەبەستی سەرەكی ئێمە لێرەدا ئەوەبێت، كە ئایا، ڕۆشنبیرانی كورد یانیش ئەوانەی كەخۆیان بە هەڵگری ئەم ناسنامەیە دەزانن، خاوەنی ئەم خەسڵەت گەلەن، كە خودی ئەم خەسڵەتانە لە ڕەگەزە بنەڕەتیەكانی ئەو پێناسانەن كە بۆ كەسی ڕۆشنیر كراوە بەو مانایەی كەسانێك، هەڵگری ئەم تایبەت مەندیانە نەبن بە هیچ شێوەیەك ناخرێتە نێو لیستی ڕۆشنبیرانەوە...بەمانایەكی تر مەبەستمان بزانین ئایا؟ تا چ ڕادەیەك ڕۆشنبیرانی كورد خاوەن ئەو پەیامانەن كە دواجار سیمایی ڕۆشنبیر بوونیان پێدەبەخشێت، یاخود تاچەند لە كۆمەڵگای ئێمەدا مرۆڤی ڕۆشنبیر وەك كەسێكی خاوەن مەعریفە، توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو مەعریفە ڕۆشنبیرییەی كە هەیەتی ڕوانینێكی گشتی و فراوان و ڕەخنە گرانەی بۆ لایەنە جۆراوجۆرەكانی ژیانی كۆمەڵ و كۆمەڵگابێت؟كاتێك رۆشنبیر دەبێت خاوەنی رۆحیەتی خۆبەقوربانی كردن بێت و لەبەرامبەر ئەوقەیرانانەدا كەڕووبەڕووی كۆمەڵگا و ئەندامانی دەبنەوە خۆی بەخت بكات, لێرەدا پرسیار ئەوە دەبێت رۆشنبیری كورد تاچەند خاوەن رۆحیەتی خۆبەقوربانی كردنە و لەئاست قەیران و مەرگەساتی شەڕی ناخۆدا تاچەند لەپێناو كەمكردنەوەی ئازارەكانی كۆمەڵگا و ئەندامەكانی خۆی بەخت كرد؟ دەشێت ئەمە ئەوپرسیارەبێت كەدەمانەوێت بگەین بەوەڵامەكەی....**

## (3-1) چەمکی شەڕی ناوخۆ (Concept of civil war):

**ڕەنگە ئەوەندەی ئێمە مەبەستمانە قسە لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیر بکەین لەناوشەڕی ناوخۆدا، بەقەدەری ئەوە نەمانەوێ باس لەشەڕی ناوخۆ و هۆکاری سەرهەڵدان و درێژبوونەوەو ئەو دەرئەنجامانە بکەین کە لە خودی ئەم شەڕە کەوتەوە، چونکە دڵنیام قسەکردن بەو ئاڕاستەیە دەخوازێت لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێ کەشفی ئەو ڕۆڵە بکەین جا ئیجابی بوبێ یان سلبی، بۆیە هەوڵدەدەین بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز، چەمکی شەڕی ناوخۆ وەك پێناسە بخەینە ڕوو...**

تا ئێستا شەڕی خۆبەخۆی ئەم چەند ساڵەی کوردستانی عێراق کە لە بنەچەدا شەڕی دەسەڵاتە لە گۆشەنیگای جیاجیاوە چ لەنێوان خۆمان و چ لەلایەن خەڵکی بیانیەوە، دراوەتە بەر باس و لێکدانەوە، سەبارەت بەناو و فاکتەرەکانی هەڵایسان و بەردەوامبوون و پێشینەیی مێژوویی، و ڕەوت و قۆناغەکانی شەڕەکە و ئاکام و ئاسۆی چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە نێو خۆییەی کورد، ڕای جودا جودا و ناتەباهەبووە.(67) شەڕی ناوخۆی کوردستان لەنەوەدەکاندا شەڕی دوو هێزە بڕیاری سەرەکیان ئەوەیە کە لەیەکدی بچن، ئەم شەڕە چیدی شەڕێك نیە لە پێناوی سەلماندنی جیاوازیەکاندا بەڵکو شەڕێکە لەپێناو سڕینەوەیاندا، شەڕنیە لەسەر هارمۆنیەتی ناوخێزان، بەڵکو شەڕە لەپێناو داگیرکردنی مەوقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بەکورتی شەڕی ناوخۆی نەوەدەکانی کوردستان شەڕە لەسەربوون بە تاقەگروهی باڵا دەست لە کوردستان. (68)هەن ئەم شەڕە وەك دیاردەیەك دەبەستنەوە بە مێژووی کورد و دەیگێڕنەوە بۆ پێنەگەیشتوویی هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کەیەکدەست نەبووەو ماکی خۆبەکەم زانین لەبەرامبەر بێگانەو یەکدی بەکەم زانین ڕەگێکی مێژووی هەیە (هەژاری موکریانی لەلاپەڕە 38.37.36ی پێشەکی شەرەفنامەدا ئەو ڕایەی دەربڕیووە) هەشە دەیبەستێتەوە بەنەبوونی قەوارەی نەتەوایەتی کورد لە مێژوودا (ئەمەڕای مامۆستا مەسعود محەمەدە، کە لەدانیشتنێکی تایبەتدا، لەگەڵ دەستەی نووسەرانی برایەتیدا دەری بڕیووە)... هەشن ئۆباڵی ئەم شەڕە دەخەنە ئەستۆی هەردوو هۆکاری ئەقلیمی و دەولییەوە.(69) شەڕی ناوخۆ لە بنچینەدا لەپێناو مۆنۆپۆلکردنی سیاسی و گۆڕینی هاوسەنگی هێز و بەرژەوەندیی تایبەتیدا بووە، بەڵام ڕوخساری وەك (شەڕی نوێخوازی دژی کۆنەپارێزی) و (شەڕی بەرگری لە خۆکردن) و دیکەی پێ بەخشراوەو لە ژێر دەمامکی تردا حەشاردراوە، ئەم دەربڕینە بەری ئەندێشەی خۆیی ئێمە نیە و دراوێکی واقعییە.(70) شەڕی ناوخۆی کوردستان لە نا ئامادەگی تەواو حەقیقی وێنەی دوژمن لە یادەوری سیاسیدا، و لە ئامادەگی لێکچوونە لەنێوان هێزە کوردیەکاندا،(71) شەڕی ئەمڕۆ درێژە پێدانی زنجیرەی ئەو کارەساتە لە

مێژینەی شەڕی ناوخۆیە کە سەرجەم جەماوەری خەڵکی کوردستان –30ساڵە– بە دەستیەوە دەناڵێنن.(72) شەڕی ناوخۆ شەڕی ماڵ وێرانکردنی خۆمانە بەدەستی خۆمان، شەڕی خوێن ڕشتنی برابۆ برا، دراوسیٚ بۆ دراوسیٚ، شار بۆ شار، ناوچە بۆ ناوچە.(73)

**(بەهەرحاڵ شەڕی ناوخۆ هەرناوێکی بەسەردابڕیٚ کردەیەکی کۆمەڵایەتیە کاتێك هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانە بۆ سازاندن و بەیەکەوە گونجانی بەرژەوەندیەکان گەیشتە بن بەست، هاوکات لە جیاتی پشت بەستن بەشەرعیەت و هەق و گرتنەبەری ڕێگەی ئوسولی، پەنا بۆ هێز و زەبروزەنگی چەکدارانەی نەخشە بۆ کێشراو بردرا، بۆ تێکشاندنی بەرامبەر و سەپاندنی ویست و داخوازی لایەنێك بەسەرئەوەی دیکەدا)...ڕەنگیشە لەم بۆچوونەماندا بەهەڵدانەچووبین گەربڵێین شەڕی ناوخۆی ئەم بەشەی کوردستان پەیوەندی توندی هەیە بەگەشەنەکردنی دیموکراسی و مومارەسەنەکردنی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاٚت و یەکتر قبوڵکردن, بۆیە دەبینین لەغیابی کەشێکی دیموکراس و زەمینەی یەکتر قبوڵکردن و بڕوابوون بەئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاٚت, لەپێناوگەیشتن بەکورسی دەسەلاٚت کۆمەڵگا و ئەندامەکانی دەخرێنەبەردەم مەترسی و دەکرێنە قوربانی...**

# بەشي دووهەم

## (1-1) ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیر:

**ڕەنگە لەڕێگای ئەو پێناسانەی کە خستومانەتە بەرچاوبەشێوەیەك لە شێوەکان ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیرانمان تیادا بەرجەستەکردبیٚ، بەلاٚم لێرەشدا هەوڵ دەدەین ئەو ئەرکانە بخەینەڕوو کە دەبیٚ ڕۆشنبیر بیگرێتە ئەستۆ، لە ڕێگەی بەجیٚ گەیاندنی خودی ئەم ئەرکانەوە ڕۆڵی ئەتکیڤ ببنیٚ لە کۆمەڵگدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەرلەهەرشتیٚ ئێمە دەبیٚ بە ئاگابین لەو حەقیقەتەی، کەهەموو ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیر بە شێوەیەکی گشتی کارکردنە لەسەر کۆمەڵگاو دەسەلاٚت ئینجا بوونی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەکەی و پەیڕەوکردنی مەنهەجە ڕەخنەییەکانی..**

لەکۆمەڵگادا ڕۆشنبیر تاکە کەسێکە ڕۆڵێکی تایبەتی و گشتی هەیە و ناتوانیٚ هەر وا بەئاسانی خۆی لە پیشەیەکدا دیل بکات، یان بە تەنها ئەندامی شایستەی چینێك بێت، واتە کەسێکە بەتەنها بیر لە کاروپیشەی خۆی بکاتەوە، من وای دەبینم کە ڕاستیەکەی ئەوەی، کە ڕۆشنبیر تاکەکەسێکە خاوەن هێزێکی زەینییە، بۆ حاڵیکردن و بەرجەستەکردن و ڕوونکردنەوەی پەیامێك، تیۆرییەك، ڕوانینێك یان فەلسەفە یان هزر, بۆ هەمووان.(74) لەلایەکی دیکەوە نۆرمی ڕۆشنبیر و کایەیی پسپۆڕی و بواری کاکردنەکەی هەر چییەك بیٚ، کەسێکە بایەخ بە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی دەداو داکۆکی لەوتنی ڕاستی و ئازادییە مەدەنیەکان و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئایندەی بەشەرییەت دەکات، ئەو سیفەت و ئەرکی ڕۆشنبیرە بگرە ئەمە ڕەوایی و بەرپرسیاریی ڕۆشنبیرە، بەم مانایە ڕۆشنبیر دیوێکی دیکەی کەسی,

پرۆژەی بەدیلی کەسی سیاسیە. (75)دەبێ ڕۆشنبیر لەوە هۆشیارتربێت، کەبزانێت ئەرکی ئەو وەکو ڕۆشنبیرێك لە ئەرکی سیاسیەك یان ئیدارییەك کەمتر نییەو بگرە زۆر زیاتریشە چونکە هەموو ڕاچەنینە ڕۆشنبیری و فیکری و ژیارییەکان لە ئەستۆی ئەوە، ئەوە ڕۆشنبیرە و بەرپرسەلەو هەموو هەڕەشەو گۆڕەشانەی کە بە شێوەیەکی مادی نامادی دەکرێتە سەر کۆمەڵگە.(76) (جولیان بیندا) بۆ چوونی خۆی سەبارەت بە ئەرکی ڕۆشنبیران دەخاتەڕوو، کە بریتیە لە هەمیشە دژایەتیکردن بە گوێرەی ئەو پێناسەیی بیندا، ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە دەبێ هەمیشە ئەوەیان لەبەر چاوبێت کە دەشێ هەر ساتێك بێ بسوتێنرێن، یان دووربخرێنەوەو یان لە سێدارە بدرێن، ئەوانە ڕەمزی کۆمەڵێك کەسێتیی دیارن کە مۆری سەرکەشی بەتەوێڵیانەوەیەو، بەرامبەر ئەنجامی کاری خۆیان نیگەرانیان خستۆتەلاوە. (77) ڕووناکبیری ڕەسەن ئەو کەسەیە کە تەنیا بە هاگشتیەکان و ئەو باوەڕانەی کە جێگای متمانەو قایلبوونن بۆی کە هاوکات لەگەڵ گشتیخوازی خۆیاندا بتوانێ زامنی دەرکەوتن و درەوشانەوەی تاکی سەربەست و ئازاد و سنوری سەربەستییەکانی ئەم تاکە پێشێل نەکات و لە بازنەی گشتگیری خۆیاندا ونی نەکەن، مرۆڤی سەربەستی ڕوناکبیر دەبێ بتوانێ ڕەخنەبکاتە پشت سنورەکانی کلتوری نەتەوەی.(78) زۆربەی پێناسە باوەکانی زانستە کۆمەلایەتیەکان ئەوەیان ڕەت نەکردەوە کە (کارل مانهایم) سەبارەت بە ئینتلجنسیا وتویەتی، چونکە ئەو دیارترین زانایە کە بە قوڵی و ڕوونی تاوتوێی ئەو چەمکەی کردووە، (مانهایم) دەڵێت: لەهەر کۆمەڵگایەکدا گروپگەلی کۆمەڵایەتی واهەن کە ئەرکی تایبەتیان خستنەڕووی لێکدانەوەیە کە سەبارەت بە دنیا بۆ ئەو کۆمەڵگایە، ئێمە بەوانە دەڵێین ئینتلجنتسیا. (79)(هابرماسی) بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە بەدحاڵیەکی ئەرکی ڕۆشنبیران و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕن دوو خاڵی سەرەکی باسی دەکات، یەکەم: دەبێ ڕۆشنبیران و زانایان لە کۆمەڵگەدا لە حاڵی بەشداری هەموو لایەك و کاریگەری بوون لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، نابێ هەرگیز چالاکیە زانستی و فەرهەنگیەکان و هەڵوێست و هەوڵە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوان لەسەر مەیلی سیاسی کۆمەلایەتی بشێوێنرێت و لە بار ببرێ، سەربەخۆیی زانست و هونەر لەبەرامبەر سیاسەتدا دەکرێ و دەبێ بپارێزرێ، دووەم: بەندە بەجۆرو چۆنیەتی ئەو بەڵێن و ئیلتزاماتانەی ڕۆشنبیران دەیگرنە ئەستۆ، لەو بوارەشەدا، کاریگەری سیاسی لەسەر ڕای گشتی نابێ پەیوەندداربێ بە تەشکیلەی سیاسی تایبەت یا بەشداری کردن لە دەزگای حکومی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی پێمان وابێ یەك شتن.(80) ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیرە بە ڕۆحێکی ڕەخەگرانەوە مامەڵە لەگەڵ واقیع و دەستەلات و ڕۆشنبیریدا بکات، چونکە ڕۆژگاری ڕۆشنبیری سەرگەرمکردن و ساڵۆنە ئەدەبیەکان بەسەرچووەو نۆرەی ڕۆشنبیریی جددی بەڕەنگارخواز هاتووە بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ڕزگارکردنی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەمان لە دۆخی نامۆ بوون، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆشنبیرەی واقیعی چەوساندنەوە ڕەتدەکاتەوە، هاوکات زەمینە بۆ دامەزراندنی دیموکراسیش خۆشدەکات.(81)

## (2-1) ڕۆشنبیر و دیموکراسی:

**قسەی ئێمە لەسەر ڕۆشنبیرو دیموکراسی و پەیوەندی نێوانیان، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت, کە گەرەکمانە بزانین چ جۆرە پەیوەندیەك هەیە لەنێوان دیموکراسی وەك دۆخێکی ڕۆشنبیر وەك کائینێك..**

بێگومان دیموکراسی وەك پرۆسەیەکی مێژووی، لەم سەردەمەدا بۆتە چەمکی سەرەکی پیادەکردنی ڕەوتی سیاسی کۆمەڵایەتی ژیان و پراکتیزەکردنی بنەماسەرەکیەکانی ئەو سیستمەی کە بەسستمی نوێی جیهان، یان وردتر بڵێین دنیای جیهانگیری و تاکجەمسەری ئەمڕۆ ناسراوە. (82) ئاشکرایەو هەموو دەزانین شارستانیەتی نوێ، واتە مۆدێرنیتە کە سەر هەڵئەدات لەگەڵ خۆیدا دوو چەمکی گرنگ دەخولقێنێ، ئەم دوو چەمکە گرنگە لە ڕاستیدا وەك دوو واتاو دوو چەق لەبەر جەستەترین باس و واتاکانی مۆدێرنیتەن، ڕوناکبیر یەکێکە لەم واتا گرنگانەی شارستانیەتی مۆدێرن، زاراوەی دیموکراسی لفەکەی تری ئەم واژەیەیە و مۆدێرنیتە لە ناوی خۆیدا ڕەنگێکی تۆخ بەم واژەیەش دەبەخشێ ئەم دووتەوەرە لە واقیعدا تەواوکەری یەکترن.(83) (کارل پۆپەر) لە گوتاری (ئازادی و ئەرکی ڕوناکبیران) دا دەڵێت: زۆر گرنگە خەڵك لە قوتابخانەوە فێربکرێن کەلەسەردەمی زودا و لەلایەن دانیشتوانی ئەسیناوە واژەی دیموکراسی کە یەکەمجار داهات ناونیشانی دەستورێکی بۆ ڕێگرتن لەو دیکتاتۆریەتەی کە نووسرابوو، دیکتاتۆریی، یاخود حکومەتی ستەمگەر خراپترین دەستەڵاتە. (84) دیموکراسی چەمکێکی ڕەهاو موتڵەق نیە کە کۆمەڵگایەك بەتەواوی هەیبێ و یا بە تەواوی لێی بێ بەش بێت, بەم شێوەیە هەر کاتێك لە بارەی ئەوەی کە دیموکراسی چیە، ئەو دەستەواژەیە چ مانایەکی هەبووەو ئێستا چییە، بەو شێوازە خۆپەسندانەیە دادەکێشێ، چونکە دیموکراسی بەرلەوەی واقیعیەتێك بێت، چەمکێکە کە چەمێکیشە هیچ چەشنە مانایەکی وردو لێبڕاوانەی نییە.(85)(جەلیل ئازادیخوان) دەڵێت ڕوناکبیر هۆشیاریەکی ڕەخنەگرە بە بێ پسانەوە لە ڕەخنە گرتندایە، ئەم ڕەخنەگرە دۆخێکی ڕەخساوی دەوێ تابتوانێ ڕەخەکانی خۆی بە ڕاشکاوی ئاراستە بکات و بەربەستەکان نەبنە هۆی دانوستان و تەوسانەوەی.(86)ئەگەرچی ڕایەکی تر هەیە دەڵێت: ئازادی و دیموکراسی بە بێ ڕۆشنبیریەکی کامڵ هیچ زەمینەیەك لە بار بۆ پێڕەوکردنیان دروست نابێت، بگرە لە دوونیادا لە هیچ وڵاتێکدا ئازادی و دیموکراسی بە بێ میللەتێکی ڕۆشنبیر و پێگەیشتوو بوونی نەبووە.(87) لەگەڵ ئەوەشدا دیموکراسی وەك دۆخی سیاسی لەژیانی کۆمەڵدا زامنی ڕەخسانی ڕەووتی ڕەخنەیە، و دیموکراسی وەك دۆخ لە بەستێنی خۆیدا زەمینەی دەرکەوتنی ڕووناکبیر دەخولێقێنێ، دیموکراسی یەکێکە لەو میکانزمە زیندووانەی کە کۆمەڵگای زیندوو دەخولقێنێ.(88) دواجار تەنیا بەمانا کتێبیەکەی نیە، واتە فەرمانڕەوایی گەلە بەسەرگەلدا، بەڵکو ڕۆڵی ئەسڵی دیموکراسی لە بەرزەفتکردنی

دەسەڵاتدارانە، دەسەڵات هەر کە چاودێر و ڕەخنەگری نەما، بەرەو بۆگەنی و فەسادبوون دەچێ‌،(89)
بڕواو متمانەی ڕۆشنبیرانیش کەم و زۆر بەندە بەسەرکەوتنی دەوڵەتی قانون و ئومێد و پشتیوانیش بە نیهادە دیموکراتییەکان کاتێ بەردەوام دەبێ کە بەڵێن و ئیلتزامی هاوڵاتیان ئازایانە و هەروەها بە چاوی گومان و دوو دڵیەوە جێبەجێ ببێ و نیهادە دیموکراتیەکان بەردەام بخەنە ژێر چاودێریەوە.(90)

دیموکراسیەت چەند ڕەگی لە فەلسەفەی سیاسیدایە، ئەوەندەش ڕەگی لە فەلسەفەی ئەخلاقدایە، ڕێزگرتن و حیسابکردن بۆ ئەویتری جیاواز ئەوەندەی دەلالەت لە ئەخلاقی سیستەمێك دەكات، ئەوەندە دەلالەت لە سیاسیەت ناکات، ئەگەرچی باری سیاسی بەدوور لە پێوەرە ئەخلاقیەکان ئەنجامدەرێت، بەڵام لە چەمکی دیموکراسییەتدا ئەم دوو بوارە تێکەڵ بە یەك دەبن و لەیەك جیاناکرێنەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە دیموکرسیەت پابەندبێت بەو فەرهەنگانەوە کە تاك وەك نرخێکی باڵاتیایدا لەدایکبووە چونکە لەبنەڕەتدا دیموکراسیەت بۆ پاراستن و فراوانکردنی ئازادییەکانی تاکەکەس دێت لەبەردەم دەست درێژی و شەڕەنگێزی کۆمەڵدا.(91) (چۆڤانی سارتۆری) لەم بارەیەوە دەڵێت: مەبەستی دیموکراسی پێکهێنانی بوارێك نیە بۆ یەکسانبوونی مرۆڤەکان بەڵکو ئەرکی دیموکراسی ئەوەیە بوارێکی یەکسان بەمرۆڤەکان بدات تاکو نایەکسان بن. (92) بەم شێوەیە هاوڵاتی شوێنی ڕاستەقینەی لە سیستەمی سیاسی و دیموکراسیدا هەیە. (93)

**ئەوەی لەکوێی بۆچوونەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت, جەخت کردنەوەیە لەسەر زەرورەتی بوونی کەش و هەوایەکی دیموکراس, تا رۆشنبیر چالاکانە ئەسپی خۆی تیا تاوبدات, لەگەڵ ئەوەشداناکرێت کەتێك لەکۆمەڵگایەکدا بڕوابوون بەمومارەسەکردنی چەمکی دیموکراسی گەشەی نەکردبێ ئیدی رۆشنبیران دەسەوسان لەچاوەڕوانی ئەوەدابن, تادەسەڵات خۆی هۆشیار دەبێتەوە و ئەوکەشەیان بۆ فەراهەم دەکات, نابەپێچەوانەوە ئەوەرۆشنبیرە کەدەبێت لەهێنانە ئارای ئاوهاکەشێکدا کەکەشێکی دیموکراسە رۆڵ بگێرێن, بۆیە نابێ رۆشنبیری ئێمە لەکاتێکدا دەخرێتەبەردەم ئەو پرسیارەی کەبۆ وەك پێویست رۆڵی دیارنیە؟ ئیتر پاساوی ئەوە بێنێتەوە کەزەمینەکە زەمینەیەکی دیموکراسی نیە.**

## بەشي سێهەم

### (1-1) پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات:

**(لەم بەشەدا هەوڵ دراوە بەشێوەیەکی دوورو درێژ هاوکێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات بخرێتە بەرچاو)...بێگومان لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا بەدوورو درێژی بەشوێن پرۆسەی کەشفبوونی چەمکی ڕووناییر و بەرجەستە بوونی، ئەم چەمکەدا گەڕاین لەڕووی فەرهەنگی و زمانەوانیەوە، هاوکات دریدو بۆچوونی جیاوازمان وەك پێناسە بۆ ئەم چەمکە خستە ڕوو، لێرەوە**

**دروست بوونی پەیوەندی و سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوان ڕۆشنبیر و دەستەڵات، هەروەك لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا ئاماژەی پێدراوە، دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمین ساتەوەختی دروست بوون و دەرکەوتنی ڕۆشنبیران، هەروەك لەبەشی یەکەمی ئەم باسەدا ئەوەمان ڕونکردەوە کە دروست بوونی، ناوەڕۆکی ئەم چەمکەو سەرهەڵدانی، بۆ سەردەمی پێش دروست بوونی کێشەی (دریفۆس) لەفەڕەنسا دەگەڕێتەوە، دوو مەسەلەی گرنگ مان خستە بەرباس، کە لەمێژوی مرۆڤایەتی دا بە دوو مەسەلە (سوکرات) و (ڤۆڵتێر) ناسرابوون:**

ئەم دوو مەسەلەیە لە مێژووی بیری خۆرئاوادا، کراون بە نمونەی ڕەفتاری ڕووناکبیر بەرامبەر ستەمکاری دەسەڵات یان دەسەڵاتی ستەمکاری، بگرە کران بە نیشانەیەك بۆ ڕوناکبیر و دەسەڵاتەکەی، لەکاتی دابەزینی بۆ گۆڕەپانی گشتی، بۆ سەلماندنی ڕاستیەك یان ڕەتکردنەوەی گومانێك.(94) پەیوەندی نێوان ڕووناکبیر و سیاسەت یەکێکە لە پەیوەندییە هەرە ئاڵۆزەکان و بەڕاستیش ئەوە یەکێکە لەو بەرانەی کە پێم وانیە هیچ سەختیەك بۆ ڕوناکبیر هێندە زەحمەت بێت.(95)بۆیە کێشمەکێشی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیران، یان بەواتایەکی فراوانتر لەنێوان سیاسەت و ڕۆشنبیر دەستەویەخە ولێکنەپچراو و بەردەوامە.(96) پەیوەندی نێوان ئەم دوانە دژگەیی و پێچەوانەییە لەزۆرکاتدا، بەهەموو بارێکیش پێوەندی چوونە ناو یەکتری و پەیوەستی توند و بەهێزە.(97) وەك دوو کایەیی کۆمەڵایەتی تێك هەڵکێش و جیاواز(98) پەیوەندی ڕۆشنبیر بەدەسەڵاتەوە بە جڤاتەوە، بەدەوڵەتەوە بە کۆمەڵگاوە دەبێت شوێنی بیرکردنەوەمان بێت، لەهەندێك حاڵەتدا سەربەخۆی ڕۆشنبیران لەسیاسەت(بەماناگشتیەکەی سیاسەت وەکو دەوڵەت) دەبێت جەغدی لەسەر بکرێتەوە بەڵام لە هەندێ حاڵەتی دیکەشدا نیشانەی بێ باکی و نەبوونی لێپرسراویتییە، بەتەنگەوە هاتنی ڕۆشنبیران بۆ ئەو جڤاتەی کە ئەوان ئینتمایان بۆی هەیە لەکاتێکدا ئەو جڤاتە ڕوو بەڕووی ناعەدالەتیەك دەبێتەوە ئەم هەڵوێستە دەبێت پشتگیری لێ بکرێت.(99) بۆچوونی جیاواز لە سەرڕووناکبیرو دەسەڵات نەك لەناو کورد کارێکی ئاساییە و هەقە ئازادتر لەوەی قسەیان لەسەرکردووە، قسەی لەسەر بکرێ، بەڵکو لەناو وڵاتانی وەکو ئەلمانیا(کە ئەلمانیا پێشەنگی فەلسەفەیە لە جیهاندا، هەروەها لەناو فەرەنسا فکر و فەلسەفەی هاوچەرخ و ڕەوتە فکریەکانی داوای نوێگەری دەکەن، بیروڕای جیاواز لەسەر ڕوناکبیرو دەسەڵات، دەسەڵات و ڕوناکبیر زۆرە.(100)ئەگەر ڕای نوسەرانی کۆمەڵناسی وەربگرین لەبارەی پەیوەندی ڕۆشنبیر بەدەسەڵاتەوە ئەم پەیوەندییە بەبەکارهێنانی زەبروزەنگ و زۆرلێکردن گرێدەدەن، پێناسەی زانای ئەڵمانی(ماکس ڤێبر)لەم بوارەدا زۆر ڕوون و لەبەرچاوە لەکاتێك لە پێناسەی سیاسەت دیاریکراودا هەیە بەهۆی داردەستێك (جهان)یان ڕێکخستنێکی ئیداری کە لەژێر دەستیەتی و توانای هەڕەشەو بەکارهێنانی هێزی ماددی هەیە، ئایدۆلۆژیا لای (مارکس) تەنیا هۆکارێکە بۆ دەستبەسەرداگرتن چونکە لای ئەو هەرچینێکی زاڵ ئایدۆلۆژیایەکی زاڵ دەهێنێتە بەرهەم بۆجێ خۆشکرنی مانەوە بەشوێن پێ زاڵەکەی خۆی بەهۆی شەرعیەت پێدانی بۆ

دەستبەسەرداگرتنەکەی.(101) جاململانێیەکە لەنێوان هەردوو لایەنی هاوکێشە کە بەردەوامە، ناتونین، بڵێین ململانێ نیە، زۆر کەڕەت ململانێیە کە دێتە بەرچاوان و دەبنیرێت، ململانێیەکە لەسەردەمی نازییەکاندا و لەسەردەمی فاشیستەکاندا ڕوون و ئاشکرابوو، هەندێ جاریش ململانێیەکە شێوەیەکی شاراوە بە خۆوە دەگرێ، و دیارنیە بەڵام ململانێیەکە لەناخی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیراندا هەیە، ئێستا کێشەی ئێمە بریتیە لە تێگەیشتنێکی دروست دەهەنبەر ئەو گرفتەدا، لێرەدا دوو نوڕین سەبارەت بەتێگەیشتن، بۆ ئەم گرفتە هەیە، بۆچونێك هەیە دەڵێ پێویستە ڕۆشنبیران لە ئیدارەی کۆمەڵگادا بەشداربن، واتا بەشداری سیاسەت بکەن بۆ عەقڵانی کردن بڕیارەکانی دامودەزگاکانی حکومەت، واتا بەشدار بوونی ڕۆشنبیر لە داموو دەزگای سیاسی بڕیارەکانیان بەرەو عەقڵانیەت دەڕوات و بۆشایی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات کەم تر دەبێتەوە، کەواتە ئەم بۆچوونە هەوڵێکی ئیجابیانەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات، بەڵام بۆچونەکەی دیکە پێیوایە: شوێنی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر لەلایەن زۆرینەی خەڵکە، واتە لەگەڵ ڕای گشتی هاوڵاتیاندابێت و بەرامبەر دەسەڵات، یاخود زیاتر لەسەر ئەوەپێدا دەگرن ئەگەر دەسەڵات داخوازی و داواکاری هاوڵاتیانی جێبەجێ کرد ئەو کات ئاساییە ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵاتداربێت.(102)هاوکێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و دەسەڵات یان بەواتایەکی فراوانتر لەنێوان ڕۆشنبیران و سیاسەت لە هزر ڤانێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە هەر یەکەیان بە پێوانەی هزری خۆی لەمەسەلەکە ورد بۆتەوە لە کۆشە نیگای هزر و ئایدیۆلۆژیاو تێڕوانین و ئاستی بیرکردنەوەی خۆی بیر لەم هاوکێشەو پێوەندیە دوو سەرەیەکردۆتەوەو لێی دواوە.(103)...ڕایەك هەیە پێی وایە کە یەکەم دەستپێکی حقیقی کە قسەی لە بارەی ئیشکالیەتی ڕۆشنبیرو دەسەڵاتەوە کرد بێت(ئالان)ە، چونکە چ بەنسبەت ئەوانەوەکە پشتیوانیان لێکردوە یا ئەوانەی کە بەرپەرچیان داوەتەوە ئاماژە پێدەری زۆرترین ئەو گوتارانەی کە پەیوەندی بەو ئیشکالیەتەوە هەبێت، لەبەرەئەوەی یەکەم دەست نیشان کەری یاساکانی ئەو گەمەیە و یەکەم دەست پێشخەری زۆرترین وەڵامە لە بارەیانەوە.(104) بەبڕوای ئالان، پێویستە یەکەمجار سیاسەتی (هاوڵاتی دژی دەسەڵاتەکان) دابمەزرێنن، ئەمە ناونیشانێکی سەربازیی و سیاسی لەیەك کاتدا و دژی هەموو دەسەڵاتەکان، یەکەمین کارێك کە پێویستە وەکو تاك ئەنجامی بدەین بریتیە لە لەناوبردنی وەهمەکان و شکاندنی بتەکان و بەزاندنی تاریکستانەکان، یەکەمین شت وەهمی دەسەڵات تێك بشکێنێت.(105) دووەم شتیش کەتێکی بشکێنن بریتیە لە وەهمی دەسەڵات بەرامبەر خۆی خەونەکانی ستەمکار پووچ بکەینەوە، وەهمی ستەمکار دەربارەی خۆی پوچ بکەینەوە، ستەمکار دەیەوێت بەهۆی جەوروستەمەکەیەوە خۆشەویست و لەبەردڵان بێت، ئەمەیە گەمژەیی ستەمکار.(106)ئالان دەیویست ڕوناکبیر هەتا هەتایە ڕادیکاڵ بێت، دەیویست دوژمنی هەمیشە دەسەڵات بێت، ئالان جینالۆجیایەکی بۆخراپەی دەسەڵات و بەرەنگاربوونەوەی دروست کرد، جینالۆجیایەك و داتاشراوێکی ئاکاری دروست کرد، وەلێ ئەو جینالۆجیایە لە ڕەهەندی مێژوویی کەم

بوو، ئاكارێتیەكەی ڕەهەندی واقیعی نەبوو ئەم جینالۆجیایە بەرز نەدەبووەوە بۆ ژوور پلەی سفری مێژوو: چونكە هەمیشە دەسەڵاتێك هەیە كەبەرەو جەوروستەم مل دەنێت و، تاكێكیش هەیە بەرەو بەرەنگاربوونەوەوە چێت.(107) پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداران، یەكێكە لە گیروگرفتەكانی كاری دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان لە كاتێكدا كە كاری ڕۆشنبیران گەڕانە بەدوای بنەما ئەقڵانی ڕێنماییە زانستیەكاندا، و ئەوان هەندێ كات دەست دەكەن بە رەخنە گرتن و كەموكورتیەكان دەخەنەڕوو، ڕۆڵی سیاسەتمەداران چالاكی نواندنە لە بواری رێكخستنی و بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەك تاكو ئەو دامەزراوەیە بتوانێت ئەركەكانی خۆی ئەنجام بدات، یەكێك لە شێوازەكانی گێڕانی ڕۆڵی ناوبراو ئەوەیە كە بەشێوەیەكی بنەبڕ، ئایدیۆلۆجیا و بڕیار و پرەنسیپەكانی دامەزراوە بەقۆناغی جێبەجێكردن بگەیەنێت، بەزۆری لێرەدا جیاوازی نێوان ئەو ڕۆشنبیرانەی كە لەهەوڵی گۆڕینی دامەزراوەو یاساكاندان و ئەو سیاسەتمەدارانەی كە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی هەماهەنگ كردنی پێكهاتە(تركیب)ی هەیی (موجود) لەكارایی دامەزراوەكە زیاد بكەن، دەست پێدەكات (108) بەڵام هاوكێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات بەلای (مێشل فۆكۆ) و (ژی دۆلۆز) جیا لەم وتووێژەی لەنێوانیاندا كراوە، گەلێك بیروبۆچوونی جیا لە هزرڤانی تر ئاشكرا دەبن، وەلێ ئێمە ناتوانین سەرتاپای بیرو بۆچونەكانیان باس بكەین تەنیا ئەوەندەی گوزارشت لەبیرو بۆچوونەكانیان دەكاو ئەمانە لایەنی تیۆری و پراكتیكیان لێك هەلاوێردوە.(109)..(ژیل دۆلۆز) دەبێژێ لە ڕوانگەی ئێمەوە، ڕۆشنبیر ئیتر نوێنەرێكی وشیارنیە، كەسانێك كەوا ئیش دەكەن و ڕەنجدەكێشن چیتر لەلایەن پارتێك یاخود یەكێتیەكی كرێكاری نوێنەرایەتی ناكرێت كە ئەمەش خۆی لە ڕاستیدا لەنێو بردنی ماف نوێنەرایەتی كردن وشیاری ئەوانە لەلایەن پارتێك، یەكێتیەكی كرێكاری (110) فۆكۆڕای وایە یەكەم ڕۆشنبیر كەلەسەر زانستەكەی ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە بەوەی كە خاوەن زانستێكی تایبەتمەندەو پسپۆڕە لە بوارێكی تایبەتی زانستیدا و هەڵوێست وەردەگرێت( ئۆپنهایمەر)ی زانای میزیك بوو، لەكاتێكدا ئۆپنهایمەر هەڵدەستێت بە ڕونكردنەوەی خواستی دەوڵەتی ئەمریكی بۆ برەو پێدانی بۆمبی هایدرۆجینی و بەم جۆرەش ئامادەنابێت بەم كارەترسناكە هەڵسێت، چونكە پەی بە ئاكامەكانی ئەم كارە بۆ سەر دواڕۆژی مرۆڤایەتی دەبات و لەسەر ئەم بناغەیەش بەرپرسیارێتییەكەی وەكو زانایەك، لەڕووی ئیتیكی (ئەخلاق) و سیاسیەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەئەرێ وەڵامدانەوەی بۆ ئەم داواكارییە دەسەڵاتدارێتیە سیاسیەكە بۆیە لەسەر ئەنجامی ئەم هەڵوێستەیدا داداگایی دەكرێت و بەكۆمۆنیست تاوانبار دەكرێت، ئەم هەڵوێستە لەڕووی زانستی و ئیتكییەوە (ئەخلاق) كاریگەرییەكی سیاسی گەورە بەسەر مێژووی دوای بەجێدەهلێت و كۆی ئەو مانایەش دەگۆڕێت كە دەشێت ڕۆشنبیر هەڵگری بێت.(111) بەپەیڕەوی لەگرامشی ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە فەزای گشتیدا وا دەبینێتەوە كە ڕۆڵی (بێ ئینتماكان) تێكدەرانی وەزیفی هەنوكە دەبینێ، لای سەعید ڕۆشنبیرەكان ئەو كەسانەن كە ڕۆڵی مەدەنیانەی ئەوان نەدەشێ پێش بینی بكرێت و نەدەشێ بكرێ بە دروشم پێ بەپێ، لەگەڵ سیاسەتی

حیزبێکدایا دۆگمایەکدا، لێرەوە سەعید جیاوازی دەخاتە نێوان ئەو ڕۆشنبیرە ناقد و بێ ئینتمایانە کە (ڕاستی بە دەسەلاَت دەڵێن) ئەو ڕۆشنبیرانەش کە MISDERS(خاوەن ئینتماکان) ئەوانەی تەشجیعی بەرژەوەندیە تایبەتەکان دەکەن، نیشتمان پەروەری، ناسیۆنالیزم، بیرکردنەوەی کۆرپۆرەیت (CORPORATE) بەرژەوەندی چین، ڕەگەز، ....هتد ڕۆشنبیر لەدیدی سەعیدەوە ئەوکائینەیەکە دەتوانێت نوێنەرایەتی پەیامێك بکا یا بەرجەستەی بکا یاخود پەیامێك دابڕێژێ، بۆچونێك، هەڵوێستێك، فەلسەفەیەك یابیروڕایەك بۆخەڵکی کێشەی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە هەر لەئەکادیمیەکەوە دیگرێتەوە تاکو سیاسەتمەدارێك، کێشەی ئەم بۆچوونە لەوەدایە، کە هەرلە ئەکادیمیەکەوە دەیگرێتەوە تاکو سیاسەتمەدارێك، کێشەی دیدی سەعید بۆ ڕۆشنبیر لەوە دایە کە پێمان ناڵێ مەبەست لە خەڵکی بواری مەدەنی یا فەزای گشتی PUBLIC چیە، بگرە گریمانە دەکا وەکو ئەوەی هەرهەموو لەسەر پێناسەیەك ڕێك کەوتبین کە فەزای گشتییە، هەروەها ئەوە ئاشکرانیە کە چۆن؟ ئەوە بزانین کامە بەرهەم ڕۆشنبیرانەیە و کامە ڕۆشنبیرانە نیە، کام بەرهەم لە خزمەت دەسەلاَتدایەو کامە پەردە لەسەر دەسەلاَت لا دەبات: هەروەها سەعید پەی بەو ڕاستییە نابا کە توانای جیاکردنەوە لای ڕۆشنبیر سنورردارە، لەوکاتەدا کە کێشەیەك زەق دەکاتەوە کێشەیەکی دی دەشارێتەوە، هەروەها سەعید لەو کاتەدا کە دەڵێت ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کەڕاستی بەدەسەلاَت دەڵێت.(112) ئاشکرایە هەموو کۆمەڵگایەك سیستەمێکی دیاریکراو بەرهەومدێنێ، جا ئەو سیستەمە نەریتی بێت یا یاسادانان ئاکاری یان سمبولی یاخود سیاسی، ئەم سیستەمە بۆ ئەوەیە جومگەکانی پێکهاتەی کۆمەلاَیەتی دیاریکراو کۆنترۆڵکات، و ئەو شتە نوێیانەش دەستەمۆکات کە دێنە ئاراوە، ئەم سیستەمە پێویستی بەمەعریفەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو جومگانە کۆنترۆڵکات و (لە پشتی هەموو سیستەمێکیشەوە، جا هەر سروشتێکی هەبێ، مەعریفەیك هەیە(113) دەسەلاَت واتا دەسەلاَتی سیاسی، دەسەلاَتی سیاسیش مانای پەیوەندی نێوان هاولاَتی و دەسەلاَت دەگەیەنێ، کە گوتمان دەسەلاَتی سیاسی یانی هێز.(114)ڕۆشنبیر دەسەلاَتێکی مادی یان ئابوری نیە، بەڵکو دەستەلاَتێکی ڕەمزی هەیە، واتە دەسەلاَتی قسەکردن و نووسینی هەیە لە بەرامبەر دەسەلاَتی شمشێر و پارەدا، بەلاَم دواجار ئەویش هەردەسەلاَتە.(115) لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر بەرهەمهێنەری جۆرێك لە گوتارو هۆشیارییە کەواتە دەسەلاَتێکی مەعنەوی فراوانی هەیە، ئەوەی توانای گۆڕانکاری هەبێت دەسەلاَتیشی بەدەستەوەیە، چونکە دەسەلاَت تەنها مانای سیاسی نیە.(116)ململانێ لەنێوان ڕۆشنبیرو سیاسی یان لەنێوان قەشەو حاکم، یان لەنێوان فەقیهو سوڵتان بەتەنیا ململانێ نیە لە نێوان (مەعریفە) و (دەسەلاَت) بەڵکو ململانێیە لەسەر ڕەوایی، واتە لەسەر مۆنۆپۆل کردنی حەقیقەت، بۆ درکاندنی ڕاستیەکان، ئەو دەسەلاَتە ڕەمزیەیی ڕۆشنبیران پیادەی دەکەن، وەك هەرپیشەیەکی تر بنەماو ڕێسای خۆی هەیە واتە کەرەستەو سەرمایەی خۆی هەیە، پاشان بەرهەم و بازاڕی خۆی هەیە، بەکاربردن و سود و قازانجی خۆی هەیە.(117) ئەو دەسەلاَتەی ڕۆشنبیر هەیەتی بەپێی ڕوانینی (فۆکۆ) پێدەگوترێ دەسەلاَتی

**ئەپستمۆلۆژیا ئەویش بریتییە لە ئەفکارو بیروباوەڕ هەر ئەو هزر و بیرو باوەڕانەش لەنێو جەماوەر دەبێتە هێزی ماددی.**(118)

**کاتێ لە ڕووی مێژووییەوە لە ڕوناکبیر کورد بکۆڵدرێتەوە ئەوا دەردەکەوێ کە بەشدارییەکی زۆر چالاکانەی لە سیاسەتی کورد داکردووە، ڕوناکبیر کورد لە پێناو ئەو ئامانجەیەدا کە خۆی باوەڕی پێ هەبووە، لەناو ئەو هێز و پارت و گروپانەی سەرگۆڕەپانی کوردستانداکاری کردووە، هەر ڕوناکبیری کوردیش هەبووە، کە بە پلەی یەکی گەورە نالێم بەپلەی یەکەم، بەڵام بەڕادەییەکی زۆر هێزی سیاسی(حیزبە سیاسییەکانی) گەیاندۆتە دەسەڵات، واتا گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە لەمیژووی کورددا(کە دەڵێم مێژووی کوردیش مەبەستم تەنیا ئەمڕۆ نیەو بەس باس لەدرێژایی مێژووی کورد دەکەم، لە سایەی ڕۆڵی ڕوناکبیرانەوەبووە.**(119) **ئەگەر لە ڕووە گشتیەکەیدا تەماشا بکەین، ڕۆشنبیر و دەسەڵات ڕەقیب و حەریفی نین، بەڵام پێوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات، مەعریفەو دەسەڵات لە خۆر ئاوادا تەواو جیاوازە لەو دۆخەی لەکوردستان بەرچاو دەکەوێت،** (120) **ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا لە تەنگەژەیەکی گەورەدا دەژی ڕۆشنبیر و اهەست دەکات لە ئەنجامی فیکرەکەی بۆتە کەسێکی لاواز لە نێو کۆمەڵ، چونکە ئیرادەی کاروکردەوەی نەماوە جا بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر ئەو ئیرادەیەیی خۆی دەسکەوێتەوە پێویستە لەگەڵ جەماوەردا بێت و لەگەڵ شۆڕشدا بێت شۆرشیش دەرئەنجامەکانی گۆڕانکاریە، ڕۆشنبیر دەبێ لەنێو بزاڤی گۆڕانکاریدا بێت ئینجا دەتوانێت ئیرادەی خۆی بدۆزێتەوە و ڕۆڵی خۆی ببینێت، پەیوەندی ڕۆشنبیران و دەسەڵاتیش پەیوەستە بە ناواخنی دەسەڵاتەوە ئەگەر دەسەڵات ئامانجی گۆڕانکاری بێت ئەوا ڕۆشنبیر ئەرکی خۆی ڕادەپەڕێنێت و پەیوەندی یەکە ئیجابیانە دەبێت، بەڵام ئەگەر دەسەڵات و ڕۆشنبیر پەیوەندییەکی نێگەتیڤیان هەبێت ئەوە کۆمەڵیش بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە چونکە ڕۆشنبیران ڕۆڵی خۆیان نابینن.**(121)**هەندێك جار ڕۆشنبیران بنەڕەترین ڕۆڵ دەبینن لە پێناسەکردنی نەتەوەجا یا جڤاتدا، لە بیناکردنی نەتەوەدا، لەبەرهێزکردنی جڤاتدا، لێرەدا دەبینین ڕۆڵی ڕۆشنبیر خۆی دەیەوێت بەهێزی بکا ئەویش (پارادۆکسە) هەروەها گەورەکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەسەر حسابی جڤاتەوە و بەخشینی ئەو هەقەی کە بەردەوام لە هیچ دام و دەستگایەکدا لێپرسراو نەبێت ئیشکالیەتی نەك بۆچوونی سەعیدە بەلکو کۆمەڵێك ڕۆشنبیر تیشە.**(122) **لێرەوە دەبێ ئەو ڕاستیەشمان لەبەر چاوبێت کۆمەڵگا چەند پێویستی بە ئەکتیڤە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هەیە، بەهەمان ئەندزەش پێویستی بەکاری لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنەکانی ڕۆشنبیران هەیە، لەهەموو حاڵەتێك دا وەك (دۆبری) دەڵێت: نابێت لێکدانەوە عەقلانیە ڕەخنەییەکان کە گرنگترین ئەرکی ڕۆشنبیران لەگەڵ ئەو غەریزەی شۆڕشەی لەناو هەناوی هەر یەکێکیاندایە تێکەڵبکرێت: ڕۆشنبیر کەسێکە ڕێ بەتێکەڵبوونی ئەم دوو ڕەهەندە نادات بەڵام نکوڵی لە هیچ کامکێشیان ناکات بەبوچوونی من لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستاندا چەند پێویستیمان بە ئەکتیڤستی سیاسی هەیە، ئەوەندەش پێویستمان بە ڕۆشنبیری عەقڵانی هەیە.** (123)

هەر کاتێك ڕۆشنبیر خۆی لە دەسەلاّت داران بە شایستە تر زانی و لەم ڕوانگەیەوە دەستی کرد بە وردەگلەیی ئەو کاتە ڕۆشنبیر لە دیدگای سیاسیەوە دەناسرێت، لەواکاتەدا بیر لە (حکومەتی زانایانەی ئەفلاتونی) دەکاتەوە، نەك لە دیدگایەکی فەرهەنگی و هونەری و نوێخوازی ئەوتۆ کە هەموو بوارەکانی فکر بگرێتەوە، بە بیٚ بیرکردنەوە لە هونەری نوێخوازی ئەو تۆ کە هەموو بوارەکانی فکر بوارەکانی فکر بگرێتەوە، بەبیٚ بیکردنەوە لەوەی کەسیاسەتیش زانستەو بەکارهێنانی،پێویسی بەشارەزایی هەیە.(124)..ئەرکانێك هەن هی دەسەلاّت نییە، نا ئامادەیی ڕۆشنبیرەکە دەسەلاّت دەستی تێخستووە بە تایبەتیش دەسەلاّت لەبەردووهۆ دەست لە کاروبارەکان وەردەدات، یەکیان نائامادەیی ڕۆشنبیرە کەهەڵبەت دەسەلاّت ئیستغلالیش دەکات هەر هەوڵی خستنە ژێر ڕکێفی خۆی دەدا، دووەمیشیان هەر پەیوەندی بەخۆ هەڵتێقورتاندنەی دەسەلاّتەوەیە لەپێناو ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا بەو شێوەیەیی خۆی دەیبینیٚ و لەبەرژەوەندی خۆیەتی و درێژە بە بوونی خۆی دەدات، بەم چەشنە دەبینین ڕۆشنبیر کۆمەڵێك ئەرکی هەیە کە هەمیشە دەسەلاّت دەیەوێت ژێر دەستی خۆی بخات. (125) دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە دەسەلاّتی سیاسی (کەلێرە حیزب گوزارشتی لیٚ دەکات) لە ڕووکەش دا بەردەوام هەوڵ دەدات هاوپەیمان و کۆك بێت لەگەڵ خەونی ڕۆشنبیریی دا لە کاتێکدا سروشتی ئەم دوو پێکهاتەیە( ڕۆشنبیری دەسەلاّت)لە جەوهەردا هەمیشە ناکۆکن لەنێوانیاندا دۆزەخێکی حەقیقی هەیە، چونکە لایەنی کەم لە ڕووی خەونخوازییەوە زۆر جیاوازن: خەونی سیاسی بەڕادەیەکی زۆر لەناو دەمامکی ڕەهاگەرێتی و گشتگیریدا خۆ دەنوێنیٚ لەکاتێکدا خەونی ڕۆشنبیری لە ماهیەتی خۆیدا ئەمە ڕەت دەکاتەوە، خەونی سیاسی خەونێکی بەرتەسك و کورت بینە لە کاتێکدا خەونی ڕۆشنبیر خەونێکی دووربین و کراوەیە، لە پشت خەونی سیاسییەوە هەمیشە نیازونییەتی بەدڕووهەن، سەرباری ئەوەی مەبەستێکی کۆنترۆڵکاری هەیە، بەلاّم خەونی ڕۆشنبیری تەنیا هەڵگری پەیامێکی ڕەخنەییە، کاتێك سیاسی جاڕی حەقیقی حەقیقەتی ڕەهاودادپەروەری دەدات، بەم پێیە چی شەرعیەت هەیە دەیدات بە توندوتیژیەکانی و لەخۆشی دا هەڕەشەیە بۆ سەر ئەزموونەکانی ڕەخنەگرتن، لێرەوە سەیر ئەکەین هیچ جۆرە تەباییەك لەنێوان ڕۆشنبیریی و دەسەلاّت دامەیسەر نابێت، بەلاّم ئیشکالی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە ڕۆشنبیری باو ڕۆشنبیرییەکی بالاّ دەسنەو لەگەڵ هومومەکانی دەسەلاّت دا یەك ئەگرێتەوە. (126)

(بەختیار عەلی) دەڵێت، کێشەی ڕۆشنبیر و دەسەلاّت لە کوردستاندا، لەیەکیٚ لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لە ساڵی (1992) دا پێشکەشم کرد، باسم لە یەکیٚ لە ئیشکالیەتە گەورەکانی ناو دەسەلاّتی کوردی کرد، بەو مانایەیی کە دەسەلاّتی کوردی سروشتێکی هێندە سەرەتایی هەیە، دەتوانێت تەواو دەستبەرداری هەموو شێوەکانی مەعریفە بێت و بەو دیویشدا پێویستی بە ڕۆشنبیر نییە، دەسەلاّتی کورد هێندەی لەڕێگای چەکدا و میلیشیاکانەوە درێژە بە بوونی خۆی دەدات، شەرعیەتی خۆی لە هیچ سیستەمێکی فکرییەوە وەرناگرێت هەموو ڕۆشنبیرانی کورد بە یەك شەوبمرن، بە ئەندازەی گرتن و داخستنی خاڵێکی گومرگ کار لە دەسەلاّتی سیاسی کوردناکات، ئەوەش خۆی شاهیدی ئەوەیە کە پێوەندی

ڕۆشنبیرو دەسەڵات لە دوونیای ئێمەدا هیچ کاتێك پەیوەندییەکی ئۆرگانی نیە، ئەم چەند ساڵەی دوای ڕۆژبەڕۆژ حەقیقەتی ئەو تێزە زیاتر دەسەلمێنێت. (127) لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیران ناتوانن بە بێ دەسەڵاتی سیاسی لەهەر شوێن و قۆناغێکدا بووبن ببنە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و بتوانن لە گۆڕانکارییەکی بەرفراوان و سەرتاپاگیر لە هەموو بوارەکاندا چێبکەن، بەڵکو ئەوەی گۆڕانکاریەکان چێدەکات، ئاڵۆگۆڕە ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانە، کە چەمکی نوێ و کەرەسەی نوێ و سەرچاوەی نوێ و هزری نوێ لەگەڵ خۆیدا بەرهەم دەهێنێت کە زەمینە بۆ ئاڵۆگۆڕەمەزنەکان خۆشدەکات، ڕۆشنبیران دەبێ وەك شانەیەکی هەنگ بە هەماهەنگی و بەبەردەوام و بەبێ ڕاوەستان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا کاربکەن لەپێناو گۆڕینی ئەو بویەری کۆمەڵگا تێیدایە، تاکو بەرەو ڕەوشتێکی دیکەی باشترو پێشکەوتووتر و پەرەسەندووتر بە هەماهەنگی لەتەك سەرجەم داموو دەزگاکانی دیکە ڕۆڵی کاراو کاریگەر بگێڕن، کەواتە بەهەماهەنگی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵاتی سیاسی دەتوانرێت پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری خەملیوو ببێتە ئەمری واقع و لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕەنگ بداتەوە و کۆمەڵگا بەرەو بونیادێکی هاوچەرخ ئاڕاستە بکات. (128)

**دەرکەوت کە هیچ کۆمەڵگایەك بێ ڕۆشنبیرو دەسەڵات نیە، و پەیوەندی نێوانیان دەشێ هاوکاری بێت یان دابڕانێکی گرژ، هەروەها دەشێ ململانێیەکی وێرانکەر یان ململانێیەکی داهێنەرانەبێت،...مێژوو بەکۆن و نوێیەوە، پڕە لە هەموو ئەو شێوازانەی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات.ڕەنگە مەبەستی سەرەکی ئێمەش لێرەدا هەوڵ بێ بۆ کەشکفرکردنی بونیادی ئەو پەیوەندیەیی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ڕۆشنبیر بە دەسەڵات و دەسەڵات بە ڕۆشنبیرەوە دەبەستێتەوە، لە بەشی مەیدانی ئەم باسەدا هەوڵدا دەین جۆرو شێوازی ئەو پەیوەندیە دیاری بکەین کە دواجار هاوکێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات پێکدێنێ، یانیش هەوڵدەدەین ئەو بنەمایە دەست نیشان بکەین کە ئەم دوو کایەیەپێکەوە دەبەستێتەوە.**

# دەروازەی دووەم( لایەنی مەیدانی )

## بةشي ضوار هةم (تةقةلاكان)

### 1- کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەو نمونەی هەڵبژێردراو:

هەڵبژاردنی نموونە بە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دادەنرێت، کە دەرئەنجامی سەرکەوتن و هەرەس هێنانی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بەندە، نموونە واتە هەڵبژاردنی ڕێژەیەکی دیاری کراو لەشتێك یان دەرهێنانی ڕێژەیەکی دیاری کراوە لە تاکەکانی کۆمەڵگای لێوەکۆڵراوە، ئەم ڕێژە دیاری کراوە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە دەکات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژەر.(129) نمونەش بەسروشتی خۆی جۆراوجۆرن وەك نمونەی سادە نمونەی ڕەمەکی و مەبەستی و ڕێکخراو...هتد.(130)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا نمونەی ڕەمەکی (العشوائی) هەڵبژێردراوە کە کۆمەڵگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێت لە ناوەندی ڕۆشنبیری (چینی ڕۆشنبیر بە گشتی لەناو واقعی کۆمەڵگای کوردیدا) بەڵام بەنیسبەت نمونەی لێکۆڵینەوەکە (عینة البحث) لەبەرئەوەی قسەکردن لەسەرڕۆڵ و ئەرکی هەموو ڕۆشنبیران بە شێوەیەکی مەیدانی لە توانای ئەم لێۆکلینەوەیەدا نیە، بۆیە لێرەدا پەنا براوەتە بەر نمونەیەك لە ڕۆشنبیران کە لە هەردوو شاری (هەولێر و سلێمانی) وەرگیراوە.

کە وەرگرتنی نمونە کە لەجۆری نمونەی قەبارە بچوکە(عینة صغیرة الحجم) کە پێکهاتووە لە (100) یەکە (مبحوث).(131)

### 2- میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێوی بەنمونە (المسح بالعینة) بەکارهاتووە، بۆڕاڤەکردنی زانیاریە بەدەست هاتووەکان، ئەمەش لە بارەئەوەی تاکو ئێستا هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی بابەتی(ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە شەڕی ناوخۆدا) بەرچاو ناکەویٚ تاکو لە ڕووی مێژوویی و بەراورد کاری و ئەزموونکاری سودی لێوەربگرێت.

## 3- ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەکە:

### ( 1) فۆرمي راثرسي ( أستمارة الاستبيان ):

فۆرمی ڕاپرسی بریتییە لەو بەڵگەنامەیەیی کە بەهۆی ئەمەوە زانیاری و شارەزای لەبارەی دیاردەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە کۆدەکرێتەوە کە کۆمەڵێ پرسیاری گشتی و تایبەت بە بابەتی لێکۆڵینەوە لە خۆ دەگرێت.(132) کەرەستەی هەرەسەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە فۆرمی ڕاپرسییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان ئەم فۆرمە (24) پرسیار لە خۆی دەگرێت کە هەندێك لە پرسیارەکان گشتیە، هەندێکی تریان تایبەتن بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، ئەم فۆرمە (100) دانەی لیٚ دابەشکراوە بەسەر نمونەی لێکۆڵینەوەکەدا، (10) دانەشی زیادکۆپی کراوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە نەوەك ئەم فۆرمانە هەندێکیان نەگەڕێنەوەیان بە تەواوی پڕ نەکرێنەوە دانەیەك لەم فۆڕمە لە دواوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە هاوپێچ کراوە.

### (2) ضاوثێکةوتن (المقابلة):

(چاوپێکەوتن interview تەکنیکی پەیوەندی کەسی ئامادەبوونە، یاخود پەیوەندی تەلەفۆنیە لەنێوان توێژەریان پرسیارکەردا لەگەڵ ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە توێژنەوەی لەسەر دەکریٚ، بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیاری پێویست لەبەرنامەی کاری توێژینەوەکەدا).(133)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا شانبەشانی (فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتنیش بەکارهاتووە بۆ ڕوون کردنەوەی مەبەستی پرسیارەکانی ناو فۆرمەکە، لەبەرئەوەی پرسیارەکان سەبارەت بە ڕۆشنبیر فرەڕەهەندە، وە هەندێك جاریش بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە لە ڕووی زمانەوە.

### (3) بوارةکاني ليَکؤلَينةوةکة:

1) **بواری مرۆیی**: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری مرۆییدا، ڕۆشنبیرانی گشتی نێو واقعی کۆمەڵگای کوردی دەگرێتەوە.

2) **بواری شوێنی**: هەردوو شاری هەولێرو سلێمانی، بواری شوێنی ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

3) **بواری کاتی**:ئەم لێکۆڵینەوەیە بە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانیەوە لە 2003/11/1 تا 2004/5/15 ئەنجامدانەکەی درێژەی کێشاوە.

### (4) کةرةستة ئامارطيريةکان:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێوەری ڕێژەی سەدی و ناوەندی (وسیط– MEDIATOR) و خشتەی سادەو خشتەی ئاوێتە– المرکب بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی زانیاریەکان بەکارهێنراوە.

**یەکەم**: پێوەری ڕێژەی سەدی:

(ڕێژەی سەدی= بەش/هەموو× 100) (134)

دووەم: یاسایی نێوەندی ژمێرەیی:

(س= مجت×م/مجت) (135)

# بەشي ثێنجەم

## یەکەم: خستنەڕوی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان:

(لێرەدا بە پێی توانا هەوڵدەدرێ لەگەڵ خستنەڕووی ڕێژە و چۆنێتی و چەندێتی زانیاریەکان(بەشێوەی خشتە و بەشێوەی نوسینیش ڕوونبکرێتەوەو پاشان شیکارو ڕاڤە بکرێت.)

## زانیارییە گشتیەکان:

### 1.رەطةز:

خشتەی ژمارە (1)

نمونەی لێکۆڵینەوە کە بەپێ ی ڕەگەز دەردەخات

| ڕەگەز | نێر | | مێ | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی شار | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەولێر | 35 | ٪35 | 15 | ٪15 | 50 | ٪50 |
| سلێمانی | 35 | ٪35 | 15 | ٪15 | 50 | ٪50 |
| کۆ | 70 | ٪70 | 30 | ٪30 | ٪50 | ٪100 |

لە خشتەی ژمارە (1) دا:

بۆمان دەردەکەوێت کە نموونەی لێکۆڵینەوەکەلە(100)کەس پێکهاتووە, (70)نێر بەڕێژەی(٪70) بەرامبەر (30) مێ بەرێژەی لە (٪30), ئەم خشتەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بەهۆی داخراوی کۆمەڵگای ئێمە و بوونی سانسۆری کۆمەڵایەتی.ڕێژەیەکی کەمتر لەڕەگەزی (مێ) داخل بەکایە جیا جیاکانی ڕۆشنبیری بوون, ئەگەر بەراووردیان بکەین بەڕەگەزی(نێر) هەرئەوەش وای کردووە کە ڕەیژەیەکی کەم لە رەگەزی مێ بەشداری لە لێکۆڵێینەوەکەی ئێمە دا بکەن .

## 2.تةمةن :

**خشتەی ژمارە (2)**

**تەمەنی ڕووندەکاتەوە** **لێکۆڵراوەمان بۆ**

| تەمەن بەساڵ | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| 23-20 | 29 | ٪29 |
| 37-24 | 32 | ٪32 |
| 31-28 | 25 | ٪25 |
| 35-32 | 14 | ٪14 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (2)دا:**

**بۆمان دەردەوکەویت ,کەزیاترین ڕێژەی بەشداربوو, لەرووی تەمەنەوە دەکەوێتە نێوان (27.24)ساڵ , ئەمەش لەبەرئەوەی ڕێژیەکی زۆر لەوانەی بەشداری پڕکردنەوەی فۆرمەکانیان کردووە، خاوەن بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگاکانن، کە ئەم چینە لە ناوەندی ڕۆشنبیری گشتی دا جێی بایەخن.. لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە کە (نێوەندی) ژمێرەی تێکڕای تەمەن بەشدار بوان نزیکەی (26.315) بیست و شەش ساڵە.**

## 3. شوێن نيشتةجيَ بوون:

**خشتەی ژمارە (3)**

**شوێنی نیشتەجێ بوونی نمونەی لێکۆڵراوە ڕوون دەکاتەوە**

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| پارێزگا | 100 | ٪100 |
| قەزا | هیچ | سفر٪ |
| ناحیە | هیچ | سفر٪ |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لەخشتەی ژمارە (3) دا:**

**دەردەکەوێت تەواوی ئەو ڕێژەیەی کە وەرگیراوە، بۆ نمونەی لێکۆڵینەوەکە، سەر بەهەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانین، یانیش شوێنی نیشتەجێ بوونیان پارێزگایە، لەڕاستی داهەڵبژاردنی هەردوو**

**پارێزگای هەولێر و سلێمانی مەبەستداربوو، ئەم دووشوێنە هەریەکەیان هێزێك لەهێزە بەشەڕ هاتووەکان حکومیان دەکرد.**

## 4. باري خێزاني:

**خشتەی ژمارە (4)**

**باری خێزانی نمونە کە دەردەخات**

| باری خێزانی | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| **ڕەبەن** | 67 | ٪67 |
| **خێزاندار** | 33 | ٪33 |
| **کۆ** | 100 | ٪100 |

**لەخشتەی ژمارە (4) دا:**

**باری کۆمەڵایەتی و خێزانی بەشداربوان دەردەخات ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی زۆری بەشداربووان کە دەکاتە(67) کە بە ڕێژەی (٪67) ڕەبەنن واتە (زگوردین) و نەچونە تەناو پەیوەندی هاوسەرێتییەوە، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەمەنەی کە هەیانە، بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابوری تاکەکان، تەنها بەڕێژەی (33) کەس کە دەکاتە (٪33) لە پەیوەندی هاوسەری دان.**

## 5. باري طوزةران:

**خشتەی ژمارە (5)**

**باری گوزەران و ئاستی بژێوی نمونەکە دەردەخات.**

| باری گوزەران | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| **باش** | 31 | ٪31 |
| **مامناوەند** | 60 | ٪60 |
| **خراپ** | 9 | ٪9 |
| **کۆ** | 100 | ٪100 |

**خشتەی ژمارە (5):**

**دەری دەخات کە ئاستی بژێوی و گوزەرانی تاکە بەشداربووەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەم شێوەیەی نیشان دراوە، ڕێژەی لە (٪60) ئاستی بژێویان مامناوەندە، پاشتر ڕێژەی (٪31) دەڵێن باری گوزەرانمان باشە، بە تەنها(٪9) لەبەشداربوان دانی بەوەدا ناوە کە بڵێت باری گەزەرانم باش نیە.**

## 6. ئاستي خويَندةواري:

**خشتەی ژمارە (6)**

**ئاستی خوێندنی تاکەکانی لێکۆڵراوە دەردەخات.**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| قوتابی پەیمانگا | 13 | ٪13 |
| دەرچووی پەیمانگا | 23 | ٪23 |
| قوتابی زانکۆ | 29 | ٪29 |
| دەرچووی زانکۆ | 28 | ٪28 |
| زانکۆ بەرەوسەر | 7 | ٪7 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (6) دا:**

**کە ئاستی خوێندنی، تاکەکانی لێکۆڵینەوە کە دەردەخات، ڕێژە ئەوانەی لە پەیمانگا دەخوێنن ڕوون دەکاتەوە بە (٪13ی)کەس، بەڵام ڕێژەی دەرچوانی پەیمانگا (٪23) کەس، هەروەها ئەوانەی لە خوێندنی زانکۆ بەردەوامن ڕێژەیان (٪29)یە، دەرچوانی زانکۆش خاوەن بڕوانامە بەکالۆریۆس ڕێژەیان (٪28)ە، ئەوانەی لە زانکۆ بەرەو سەرن و بەردەوامن لە خوێندن، ڕێژەیان (٪7) کەسە، بۆیەش بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاریەکان پشت بەستراوە بەم شەریحانە، چونکە خاوەن عەقڵێکی کامڵن و دەتوانن بۆچوونەکانیان وەك ڕۆشنبیر کە ئێستا و ئایندەی ڕۆشنبیریان لەدەست دایە، بخەنەڕوو، ئەم بۆچوونانەش بەهێند وەربگیرێ.**

## زانیاری تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە:

خشتەی ژمارە (7)

خەمی ڕۆشنبیران بۆ درێژە نەکێشانی شەڕی ناوخۆ ڕوون دەکاتەوە.

| وەڵامەکان | ژمار5 | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 31 | ٪31 |
| نەخێر | 69 | ٪69 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

لە خشتەی ژمارە (7)دا:

بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ڕێژەی زۆری بەشداربووان کە دەکاتە(٪69) پێیان وایە ڕۆشنبیران لە خەی درێژەنەکێشانی شەڕی ناوخۆدا نەبوون، ئەم ڕێژەیە هۆی خەم ساردی ڕۆشنبیران دەگێڕنەوە بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە، کە هەوڵ دەدەین بەڕێژەوە بیخەینە ڕوو.

(14) کەس لەو (69) کەسە، ئەم خەمساردیە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هەستی نەتەوەیی (29) کەس لەو (69) کەسە، پێیان وایە ڕۆشنبیران بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تایبەت، لە خەمی ئەو شەڕەو درێژە نەکێشانی دانەبوون.(6) کەس لەو (69) کەسە، دەڵێن، ڕۆشنبیران بیٚ باك بوون بۆیە گوێیان نەدا بەشەڕی ناوخۆ، لە خەمی درێژە نەکێشانی دانەبوون.(13) کەس لەو (69) کەسە، هۆکارەکە دەگێڕنەوە بۆ ترسی ڕۆشنبیران لە دەسەلات. (7) کەس لەو (69) کەسە، پێیان وایە هەموو هۆکارەکانی پێشتر کەم بۆ زۆر کاریگەریان هەبووە.بەپێی ئەم شیکردنەوەیە دەردەکەوێت بەپێی بۆچوونی زۆرترین بەشداربوو کە(ڕۆشنبیران و ڕۆحیەتی بەرژەوەندی خوازیان)،وای کردووە لە ئاست شەڕی ناوخۆ خەمساردبن,بەلاٚم تەنها (٪31) پێی وایە ڕۆشنبیران لە خەمی درێژە نەکێشانی شەڕی ناوخۆدا بوون.

**(خشتەی ژمارە 8)**

**هەڵوێستی دەستەجەمعی و ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیران لەبەرامبەر شەڕی ناوخۆدا ڕوون دەکاتەوە.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 3 | ٪3 |
| کەم | 35 | ٪35 |
| هیچ | 62 | ٪62 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (8) دا:**

**دەردەکەوێت، کە لە (٪62)ی ئەوانەی بەشداربوون ڕایان وایە، ڕۆشنبیران لە فەترەی شەڕی ناوخۆدا خاوەن هەڵوێستێکی دەستەجەمعی و ڕەخنەگرانە نەبوون بەڕێژەی (٪35)پێیان وایە بەشێوەیەکی کەم ڕۆشنبیران توانیان خاوەن هەڵوێستێکی دەستەجەمعی و ڕەخنەگرانە بن، تەنها لە (٪3)ی بەشداربوان دەڵێن زۆر خاوەن هەڵوێست بوون، هەڵوێستی ڕەخنەگرانە.لێرەشدا بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕێژە زۆرەی کە دەڵێت: ڕۆشنبیران لەماوەی شەری ناوخۆدا خاوەن هەڵوێستی دەستەجەمعی و ڕەخنەگرانە نەبوون، دەتوانین بڵێین هۆی نەبوونی ڕۆڵی ئاکتیڤ و کاریگەر دەگەڕێتەوە بۆ لەدەست دانی ئەم ڕۆحیەتە کە ڕۆشنبیران هاوهەڵوێست دەکات لەبەرامبەر قەیرانەکاندا.**

**خشتەی ژمارە (9)**

**ڕێژەی بەشداربوونی ڕۆشنبیران لە شەڕی ناوخۆدا ڕوون دەکاتەوە.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 91 | ٪91 |
| نەخێر | 9 | ٪9 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**خشتەی ژمارە (9):**

**ڕێژەی بەشداربوونی ڕۆشنبیران لەشەڕی ناوخۆدا دەردەخات، لە (٪91) لەبەشداربووان دەڵێن (بەڵێ)، ڕۆشنبیران بەشداری شەڕی ناوخۆیان کردووە هەر ئەم ڕێژەیە واتە (٪91) جۆرو شێوازی بەشداربوونەکەمان بۆ دەست نیشان دەکەن بەم ڕێژانە:ڕێژەی (73) کەس لەو (91) کەسە دەڵێن بەشداری ڕۆشنبیران بەشداریەکی (سلبی) بووە.بەتەنها (18) کەس لەو (91) کەسە دەڵێن بەشداری ڕۆشنبیران بەشداریەکی (ئیجابی) بووە.لێرەشەوە دەردەکەوێت ، ڕۆشنبیران نەک هەر لە خەمی درێژە**

**نەکێشانی شەڕی ناوخۆدا نەبوون، بەڵکو لە درێژ بوونەوەو تین سەندنی شەڕەکەدا کەم تەرحەم نەبوون و پشکێکی باشیان هەبوو.**

**خشتەی ژمارە (10)**

**توانای ڕۆشنبیران بۆ لێك نزیك کردنەوەی باڵە ناکۆکەکانی شەڕی ناوخۆ ڕوون دەکاتەوە.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 6 | ٪6 |
| کەم | 45 | ٪45 |
| هیچ | 49 | ٪49 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (10) دا:**

**ڕوون دەبێتەوە کە لە (٪49)ی بەشداربووان، پێیان وایە ڕۆشنبیران بە هیچ شێوەیەك نەیان توانی باڵە ناکۆك و بەشەرهاتووەکانی شەڕی ناوخۆ لە یەکتر نزیك بخەنەوە، لە (٪45) دەڵێن ڕۆشنبیران(کەم) ڕۆڵیان هەبووە لەم ڕووەوە، بەتەنها لە (٪6) کەس دەڵێن ڕۆشنبیران توانیان باڵە ناکۆکەکانی شەڕی ناوخۆلێك نزیك بخەنەوە..دیارە بە پێی ئەم ڕونکردنەوەیە و ڕونکردنەوەکانی پێشوو، بەو حوکمەی ڕۆشنبیران بەشداری سلبیان هەبوو لە شەڕی ناوخۆدا نەك باڵە ناکۆکەکانیان پێ لە یەکتر نزیك نەخرایەوە بەڵکو پیشکیان لە لێك دورخستنەوەی ئەم باڵەناکۆکانەدا هەبوو.**

**خشتەی ژمارە (11)**

**پەرت بوونی ڕۆشنبیران بە هۆی شەڕی ناوخۆوە بەسەرکایە جیاوازەکاندا ڕوون دەکاتەوە.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 92 | ٪92 |
| نەخێر | 8 | ٪8 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (11)دا:**

**دەرکەوێت لە (٪92)ی بەشداربوان پێیان وایە (بەڵێ) شەڕی ناوخۆ بووە هۆی پەرت کردنی ڕۆشنبیران بەسەرکایە جیاجیاکاندا، تەنها لە (٪8)ی ئاماژەیان بەوە داوە کە (نەخێر) شەڕی ناوخۆ نەیتوانی ڕۆشنبیران بەسەرکایە جیاجیاکاندا پەرش بکات, بەلەبەرچاوگرتنی ڕێژەی (٪92)ی بەشداربووان و چونیان لەم بارەیەوە دەگەینە ئەوەی کە (بەڵێ) ئەوە شەڕی ناوخۆ بوو توانی ڕۆشنبیران پەرت بکات نەك ئەوە ڕۆشنبیران بوون شەڕی ناوخۆیان لاواز کرد و باڵەناکۆکەکانیان کۆکردەوە..ئەم پەرت**

**بوونەش هەروەك لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێدا لەو یۆوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕۆشنبیران بەرژەوەندی تایبەتیان خستبووە پێش بەرژەوەندی گشتی.**

**خشتەی ژمارە (12)**

**توانای ڕۆشنبیران بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی شەڕی ناوخۆ دەردەخات:**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 10 | ٪10 |
| کەم | 42 | ٪42 |
| هیچ | 48 | ٪48 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (12)دا:**

**توانای ڕۆشنبیران لە گۆڕینی ئاڕاستەی شەڕی ناوخۆ و شێوازی دیکەی شەڕ لەنێو ئۆرگانە جیاجیاکاندا ڕوون دەکاتەوە..لە (٪48) لە بەشداربوان پێیان وایە کە ڕۆشنبیران هیچ نەیان توانی ئاڕاستەی شەڕەکان بگۆڕن، لە (٪42) دەڵێن (کەم) بەتەنها لە (٪10) دەڵێن ڕۆشنبیران (زۆر) توانیان ئاڕاستەی شەڕەکان بگۆڕن..لەم ڕووەوە دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیران لە ئاست گۆڕینی شەڕەکاندا بێ توانا بوون و نەیان توانی ئاڕاسەی شەڕەکان بگۆڕن، بە شێوەیەك لە شەڕی چەك و ململانێی میلیشایی بگوێزنەوە بۆ نێو ئۆڕگان و کایەکانی دیکەی ململانێ.**

**خشتەی ژمارە (13)**

**ڕۆڵی سلبی ڕاگەیاندن ڕوون دەکاتەوە لەماوەی شەڕی ناوخۆدا.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 94 | ٪94 |
| نەخێر | 6 | ٪6 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (13) دا:**

**دەردەکەوێت کە (٪94)ی بەشداربوان دەڵێن (بەڵێ) ڕاگەیاندن ڕۆڵی سلبی هەبووە لەماوەی شەڕی ناوخۆدا، هەرخودی ئەم (٪94)ە، ئاماژە بەوە دەدەن کە ئایا گوتاری ڕۆشنبیران چەند توانیویەتی ڕۆڵی سلبی ڕاگەیاندن لاواز بکات، لێرەوە لەو (٪94) ە..(٪46) کەس دەڵێن ڕۆشنبیران و گوتاری ڕۆشنبیران بە (هیچ) شێوەیەك نەیتوانی ڕاگەیاندن بەدیووە سلبیەکەیدا لاواز بکات، (٪32) کەس لەو (٪94)ە**

دەڵێن گوتاری ڕۆشنبیران کاریگەری هەبوو لەم ڕووەوە بەڵام (کەم)، هەرچی ئەوانەی پێیان وایە ڕۆشنبیران کاریگەری (زۆریان) هەبووە لە لاوازکردنی ڕۆڵی سلبی راگەیاندن تەنها (16٪) کەس لەو (94٪) کەسە..بەڵام لە (6٪) کەس لە بەشداربوان دەڵێن ڕاگەیاندن بەشداری شەڕی ناوخۆی نەکرد و ڕۆڵی سلبی نەبوو..لێرەشەوە بەو حوکمەی ڕاگەیاندن لەلایەن حیزبەکانەوە قۆرغ کرابوون بوو بوونە پانتاییەکی باش بۆ گوزارشت کردن لە هەڵوێستی حیزبەکان، هاوکات لاوازی ڕۆشنبیران دەردەخات لە لاوازکردنی ڕاگەیاندن بە بارە سلبییەکەیدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆشنبیران بەشێکی زۆریان خۆیان ڕاگەیاندنی حیزبەکانیان دەبرد بەڕێوەوە، بەهۆی پەرت بوونیان بەسەریاندا،

**خشتەی ژمارە (14)**

**توانای ڕاگەیاندنی حیزب دەردەخات لە توانەوەی ڕۆشنبیران لە خۆیدا.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 72 | 72٪ |
| کەم | 21 | 21٪ |
| هیچ | 7 | 7٪ |
| کۆ | 100 | 100٪ |

لە خشتەی ژمارە (14) دا:

ڕێژەی ئەو بۆچونانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە سەبارەت بە توانای ڕاگەیاندن و توانەوەی ڕۆشنبیران لە خۆیدا، وەڵامیان داوەتەوە، لە (72٪) لەوانە دەڵێن ڕاگەیاندن (زۆر) بەتوانا بوو لە توانەوەی رۆشنبیران لە خۆیدا، بەڵام لە (21٪) لە بەشداربووان ڕایان وایە توانایی ڕاگەیاندن لەم ڕووەوە (کەم) بووە، هەرچی ئەوانەی پێیان وایە راگەیاندن ڕۆڵێکی نەبووە لەم ڕووەوە، ڕێژەیان تەنها (7٪)ە لە بەشداربوان..دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژە ئاماژە بەوە دەدەن، کە ڕۆشنبیران بەهۆی لاوازیان هاوکات ڕاگەیاندن بەهۆی بە هێزی توانیویەتی ڕۆشنبیران لەخۆیدا بتوێنێتەوە، توانەوەیەك کە بەرژەوەندی حیزبی لە بەرژەوەندی نەتەوە زیاتر لەبەر چاوبێت، و خاوەن ڕوئیاو دوونیابینی تایبەت بە حیزب بن..

**خشتەی ژمارە (15)**

**ئیدانەکردنی شەڕی ناوخۆ و قسەگوتنی هەندێك لە ڕۆشنبیران بە حیزب ڕوون دەکاتەوە، کە ئایا ئەوە خزمەتی بەحیزبەکان کردووە یان نا.**

| ڕێژەی سەددی | ژمارە | وەڵامەکان |
|---|---|---|
| ٪72 | 72 | زۆر |
| ٪21 | 21 | کەم |
| ٪7 | 7 | هیچ |
| ٪100 | 100 | کۆ |

**لە خشتەی ژمارە (15) دا:**

**ئەو ڕێژانە دەردەکەوێ کە وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە, کەدەڵێت ئایا ئیدانەکردنی شەڕی ناوخۆ و قسەگوتنی هەندێك لە ڕۆشنبیران بە حیزب، خزمەتی بە بەرژەوەندی حیزب کردووە یان نا..ڕێژە لە (44٪) دەڵێن (کەم) ڕێژەی (42٪) دەڵێن (زۆر) بەلام ڕێژەی لە (14٪) دەڵێن (هیچ)..ئەمەش دەری دەخات کە بە لَیّ کەم بۆ زۆر ئەم شێوازە لە قسەکردن و ئیدانەکردنی شەڕی ناوخۆ کە هیچ هەوڵێکی جددی و عەمەلی لەگەڵ دانەبوو خزمەتی بەحیزبەکان کرد..دەردەکەوێت یەکێك لە ئیشکالەکانی ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە کە نەیتوانیوە گوتاری خۆی جیابکاتەوە لەو گوتارە سادەیەیی کە هەیە، چونکە گوتاری ڕۆشنبیری ئەوەندەی دەبێ کاری دیراسە و لێکۆڵینەوەو گەڕان بێت بەدوای ئەو عەقڵەدا کە خوڵقێنەری قەیرانەکانن بەقەد ئەوە بریتیە نیە لەوەی کە بەزمانی سادەیی خەڵك بڵێ ئەمە چاکەو ئەمە خراپە.**

**خشتەی ژمارە (16)**

**شەڕێ نێوان ڕۆشنبیرانی دەرەوەی حیزب لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناو حیزب ڕوون دەکاتەوە, کە ئایائەم شەڕە لە هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی حیزب بووە بەرامبەر شەڕی ناوخۆ.**

| ڕێژەی سەددی | ژمارە | وەڵامەکان |
|---|---|---|
| ٪41 | 41 | بەڵێ |
| ٪59 | 59 | نەخێر |
| ٪100 | 100 | کۆ |

**لە خشتەی ژمارە (16)دا:**

**لە (59٪) بەشداربووان دەڵێن ئەم شەڕە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەهۆی بوونی ئینتمای جیاجیاو یەکترقبوڵ نەکردن، نەك هەر لەسەر ئاستی کایەیی سیاسی دابەڵکو لەسەر ئاستی کایە**

**ڕۆشنبیریەکانیشدا ڕۆشنبیران یەکتر قبولڵ ناکەن و دواجار شەڕ لەنێوانیاندا ڕوودەدات (دیارە مەبەستمان لەم شەڕەنووسینە),بەڵام (41٪) لە بەشداربووان ئاماژە دەدەن کە بەڵێ هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی حیزب لە ڕێگەی شەڕیان لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناو حیزب، لە هەڵوێستیان بوو لەبەرامبەر شەڕی ناوخۆدا.**

**خشتەی ژمارە (17)**

**ڕۆڵی ڕۆشنبیران ڕوون دەکاتەوە لەگەشەدان بەڕەوتی دیموکراسی لەماوەی شەڕی ناوخۆدا.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 10 | 10٪ |
| کەم | 74 | 74٪ |
| هیچ | 16 | 16٪ |
| کۆ | 100 | 100٪ |

**لە خشتەی ژمارە (17) دا:**

**لە (74٪) لە بەشداربوان دەڵێن ڕۆشنبیران (کەم) ڕۆڵیان هەبوو لە گەشدان بە ڕەوتی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا، بەڵام لە (16٪) دەڵێن ڕۆشنبیران (هیچ) گەشەیەکیان بەم ڕەوتەنەدا لەم ماوەیەدا، بەڵام تەنها لە (10٪) دەڵێن ڕۆشنبیران (زۆر) گەشەیان بەڕەوتی دیموکراسی داوە لە کۆمەڵگادا لەماوەی شەڕی ناوخۆدا..دەردەکەوێت کە لەم ڕوەشەوە کە گەشەدانە بەڕەوتی دیموکراسی لەکۆمەڵگادا ڕۆشنبیران ڕۆڵیان کەم بووە.**

**خشتەی ژمارە (18)**

**ئاستی پێویستی جددی دەسەڵاتی سیاسی کورد بەڕۆشنبیران ڕوون دەکاتەوە.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| بوونەدەنگی حیزب لەشەڕی ناوخۆ | 75 | 75٪ |
| پرۆژەی مەعریفی بۆ گۆڕان پێشکەش بکەن | سفر | سفر٪ |
| دەسەڵات پێویستی جددی بەرۆشنبیران نەبوو | 25 | 25٪ |
| کۆ | 100 | 100٪ |

**لە خشتەی ژمارە (18) دا:**

**کە ئاستی پێویستی جددی دەسەڵاتی سیاسی بەڕۆشنبیران ڕوون دەکاتەوە..لە (75٪) دەڵێن (بەڵێ)دەسەڵاتی سیاسی پێویستی جددی بەڕۆشنبیران هەبووە، هەرهەمان ڕێژە جۆری پێویستە کە دیاری دەکەن هەمان ڕێژە واتە (75٪) دەڵێن پێویستی دەسەڵاتی سیاسی بە ڕۆشنبیران بۆ ئەوە بووە،**

**که ڕۆشنبیران ببنە دەنگی حیزب لە شەڕی ناوخۆدا، لە (سفر٪) دەڵێن ئەم پێویستیە بۆ ئەوە بووە کە ببێتە پێشکەش کەری پرۆژەی مەعریفی بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا..کەواتە هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی کورد پێویستی ئەوەی بە ڕۆشنبیر هەبووە کە ببێتە دەنگی ئەو لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و ویستەکانی..بەڵام لە (25٪) لە بەشداربوان دەڵێن (نەخێر) دەسەڵاتی سیاسی پێویستی جددی بە ڕۆشنبیران نەبووە.**

## خشتەی ژمارە (19)

### ئاستی هاوڕەوتی نێوان ڕۆشنبیران لەگەڵ دەسەڵات دەردەخات

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| لەڕاگەیاندن و درێژەدان بەشەڕی ناوخۆ | 35 | ٪35 |
| لەکاری ڕێکخراوەیدا | 11 | ٪11 |
| لەبێدەنگیان لەبەرامبەر | 45 | ٪45 |
| هی تر.... | 9 | ٪9 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

**لە خشتەی ژمارە (19) دا:**

**ئەو ئاستانەمان لاڕون دەبێتەوە کە تیایدا ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵات دا تیایدا هاوڕەت بوون..لێرەوە لە (45٪) دەڵێن ئەم هاوڕەوتییە لە بێدەنگیان بەرامبەر دەرئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆدا خۆی دەبینێتەوە..لە (35٪) دەڵێن لەناو ڕاگەیاندن و درێژەدان بە شەڕی ناوخۆدا. لە (11٪) لەکاری ڕێکخراوەیدا ئەم هاوڕەوتیە بەدی دەکەن..لە (9٪) ئاستی ئەم هاوڕەوتیە دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری تری کە زۆریان تائکید لەسەر هەموو ئەوانەی سەرەوە پێکەوە دەکەنەوە.**

## خشتەی ژمارە (20)

### ڕوونی دەکاتەوە ئایا ڕۆشنبیران کە دروشمی دەسەڵاتی عەقڵیان بەرزکردۆتەوە، لەبەر ئەوە بووە کە حیزبەکان هێزێکی ناعەقڵانی جڵەوی کردوون.

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 40 | ٪40 |
| نەخێر | 60 | ٪60 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

لەخشتەی ژمارە (20)دا:

ڕوون دەبێتەوە ئەوانەی دەڵێن (نەخێر) بەرزکردنەوەی دروشمی دەسەڵاتی عەقڵ کە لە لایەن ڕۆشنبیان بەو مانایەنەبووە کە حیزبەکان هێزێکی ناعەقلانی جڵەوی کردوون ڕێژەیان لە (60٪)ە، بەڵام ڕێژەی لە (40٪) دەڵێن، کە بەڵێ بەرزکردنەوەی دروشمی دەسەڵاتی عەقڵ لە لایەن ڕۆشنبیران بۆ ئەم مەبستە بووە.

خشتەی ژمارە (21)

کاریگەری دەنگی ڕۆشنبیران لەماوەی شەڕی ناوخۆدا بە ئاڕاستە ئیجا بیەکەیدا ڕوون دەکاتەوە.

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 7 | ٪7 |
| کەم | 30 | ٪30 |
| هیچ | 63 | ٪63 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

لە خشتەی ژمارە (21) دا:

ئەو ڕێژانە دەردەکەوێ، کە ئامارژە بەکاریگەری ئیجابی دەنگی ڕۆشنبیر دەدەن لەماوەی شەڕی ناوخۆدا، ڕێژەی (63٪) دەڵێن کاریگەری هەبووە، لە(30٪) دەڵێن کاریگەری هەبوو, بەڵام بەڕێژەیەکی (کەم) هەرچی ئەوانەی کە دەڵێن دەنگی ڕۆشنبیران بەدیووە ئیجابیەکەیدا کاریگەر بووە ڕێژەیان (7٪) کەسە..لێرەوە دەردەکەوێت ئەگەر ڕۆشنبیران هەڵوێستی ئیجابیشیان هەبووبێ دژی شەڕی ناوخۆ، بەهۆی پەرت بوونیان بەسەرکایە جیاجیاکاندا و نەبوونی یەك دەنگی کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەردەکەوێت کە دەسەڵات گوێی لە ڕۆشنبیران نەگرتووەو حسابێکی ئەو تۆی بۆ نەکردوون لە دەرەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆی.

خشتەی ژمارە (22)

شەعریەت وەرگرتنی ڕۆشنبیران لە ڕێگەی شەڕی ناوخۆوە ڕوون دەکاتەوە.

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 33 | ٪33 |
| کەم | 56 | ٪56 |
| هیچ | 11 | ٪11 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

لەخشتەی ژمارە (22) دا:

ڕوون دەبێتەوە کە ئایا شەڕی ناوخۆ دۆخێکی لەباربوو، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیران بتوانن شەرعیەتی خۆیانی لێوە وەربگرن..لە (56٪) پێیان وایە ڕۆشنبیران توانیویەتی شەعریەتی خۆی لە شەڕی ناوخۆ بەڕێژەیەکی(کەم) بەدەست بهێنن، هاوکات (33٪) لەبەشداربووان پێیان وایە ڕۆشنبیران توانیان شەرعیەت بۆ خۆیان بەدەست بهێنن بەڕێژەیەکی (زۆر). تەنها(11٪) لەبەشداربوان دەڵێن ڕۆشنبیران هیچ شەرعیەتێکیان بەدەست نەهێنا لەشەڕی ناوخۆدا..ڕێژەی زۆر ئاماژە بەوە دەکەن کە (کەم بۆ زۆر) ڕۆشنبیران توانیان بەسود وەرگرتن لە شەڕی ناوخۆ وەك دۆخێك شەرعیەت بۆ خۆیان وەرگرن. دەگەینەوە هەمان دەرئەنجام پێویسیتی دەسەڵات بە ڕۆشنبیران لە فەترەی شەڕی ناوخۆدا وایکرد ڕۆشنبیران لەم ڕێگەیەوە شەرعیەت وەربگرن،و ببنە دەنگی دیارو بەرچاو لەو ماوەیەدا هەڵبەت بەدیووەنێگەتیڤەکەیدا.

### خشتەی ژمارە (23)

**گۆڕینی شوناسی ڕۆشنبیر دەردەخات لەبەر ئەنجامی پێکەوە بەستنەوەی دەسەڵات لەگەڵ ئەو دەنگانەی لەناو ڕاگەیاندنی حیزب لە خزمەتی حیزب دابوون.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆر | 67 | ٪67 |
| کەم | 26 | ٪26 |
| هیچ | 7 | ٪7 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

لە خشتەی ژمارە (23) دا:

ئەو گۆڕانە دەبینین لەبەسەر شوناسی ڕۆشنبیراندا هات لە بەرئەنجامی پێکەوەبەستنەوەی دەسەڵات لەگەڵ ئەو دەنگانەی لەناو ڕاگەیاندی حیزب لە خزمەتی حیزبدا بوون..ڕێژەی (67٪) دەڵێن (بەڵێ) شوناسی ڕۆشنبیر بەهۆی ئەم پێکبەستنەوەیەوە گۆڕانی بەسەردا هات، لە (26٪)ی بەشداربوان ئەم پێکبەستنەوەیە بە هۆکارێك دادەنێن لە گۆڕینی شوناسی ڕۆشنبیردا بەڵام (کەم) هەرچی ئەو بەشدارانەی کە دەڵێن (هیچ) گۆڕانێك لەم بەرئەنجامەدا بەسەرشوناسی ڕۆشنبیردا نەهات.

لێرەوە دەردەکەوێت ئەگەر ڕەئی زۆرینە وەربگرین، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕێژە زۆرە دەگەینە ئەوەی کە بەڵی لەبەرئەنجامی پێك بەستنەوەی دەسەڵات لەگەڵ ئەو دەنگانەی لەناو ڕاگەیاندنی حیزب لەخزمەتی حیزبدا بوون بۆتە هۆی گۆڕانی شوناسی ڕۆشنبیران کەم بۆ زۆر.

**خشتەی ژمارە (24)**

**هۆی وەستانی شەڕی ناوخۆ ڕوون دەکاتەوە.**

| ڕێژەی سەددی | ژمارە | وەڵامەکان |
|---|---|---|
| ٪2 | 2 | ڕۆڵی رۆشنبیران |
| ٪6 | 6 | ڕۆڵی دەسەڵات |
| ٪89 | 89 | ئەمری واقع |
| ٪3 | 3 | هی تر.... |
| ٪100 | 100 | کۆ |

**لە خشتەی ژمارە (24) دا:**

**ئەو هۆکارانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە پشت وەستانی شەڕی ناوخۆوە تەواجودیان هەبووە، لە (٪89) بەشداربوان پێیان وایە کە شەڕی ناوخۆ بە (ئەمری واقع) وەستا، لە (٪6) دەڵێن دەوری دەسەڵات وای کرد شەڕی ناوخۆ بووەستێ, ڕێژەی لە (٪3) ئاماژە بە هۆکاری تر دەکەن وەك (بونی فشاری دەرەکی) بۆ سەر باڵە ناکۆکەکان بووە هۆی وەستانی شەڕەکە، تەنها (٪2) لەبەشداربووان پێی وایە ڕۆشنبیران و ڕۆڵیان وایکرد ئەم شەرە بوەستێ..لێرەوە دەردەکەوێت ئەگەر (ئەمری واقع) نەبایە، هەرگیز نەدەکرا چاوەڕوانی وەستانی شەڕی ناو خۆ بکرێ هاوکات دەریش دەکەوێت ڕۆشنبیران هیچ ڕۆڵێکیان لەوەستانی ئەم شەڕەدا وەکو پێویست نەبووە.**

## دووەم: ئەنجامیگیری:

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە بەشێوەیەکی تیۆری- مەیدانی بە ئەنجامی گەیەندراوە، ئیستنتاجمان کرد، کە ڕۆشنبیرانی ئێمە ڕۆڵیان هەبووە لەشەڕی ناوخۆدا، بەڵام پەرسیار ئەوەیە ئایا ڕۆڵی ڕۆشنبیران بە چ ئاڕاستەیەك بووە، لە ئەنجامی شرۆڤەکردنی ئەو زانیاریانەی بەدەستمان هێناوە، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو ڕۆڵەی ڕۆشنبیران لەماوەی شەڕی ناوخۆدا گێڕیان ڕۆڵێکی سلبی بوو، دیارە کە دەڵێین ڕۆشنبیر بە پێی مەفهومی گرامشی لەم چینە دەدوێین...دەرکەوت ڕۆشنبیران لەکۆمەڵگای ئێمەدا خاوەن هەڵوێستی ڕەخنەگرانەو دەستەجەمعی نین، پەرت بوونیان بەسەر حیزب و کایە جیاجیاکاندا و توانەوەیان لەناو بۆتەی ڕاگەیاندنی حیزبەکاندا بەشێوەیەك کە بونەتە زمانحاڵی دەسەڵات کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر لادانی ڕۆشنبیران لەسەر ڕێڕەو ئاڕاستەی ڕاستەقینەی خۆیان، کەبەرگری کردنە لەکۆمەڵگا لەبەرامبەر هەر قەیرانێك کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە...دەرکەوت سیاسی کورد تەنها لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسیەکانی پێویستی جددی بە ڕۆشنبیران هەبووە و هەیە، دەریش کەوت کە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و دەسەڵات پەیوەندییە کە لەسەر بنەمایی بەرژەوەندی دامەزراوە، ڕۆشنبیران بەلەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی تایبەت هاوڕەوت لەگەڵ دەسەڵات و دەسەڵاتیش**

بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی ڕۆشنبیرانی لە خۆی خڕکردۆتەوەو دواجار لەنێو خۆیدا بەو شێوەیەیی کەمەستیەتی تاندوونیەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوت کە ڕۆشنبیران نەیان توانی لە ئاستی لێك نزیك کردنەوەی باڵە ناکۆکەکانی شەڕی ناوخۆدابن، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی بەشداری نێگەتیڤانەوە درێژەو شەرعیەتیان بە شەرەکەدا...لەوەلامی بەشداربواندا دەرکەوت کە جۆرێك بێ ئەمەلی و ڕەشبینی هەیە بەرامبەر ئەو ڕۆڵەی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرامبەر بە قەیرانەکان دەیبینن، چونکە ڕێژەی هەرەزۆری بەشدار بووان ئاماژە بە خەم ساردی ڕۆشنبیران دەدەن, پێیان وایە ئەگەر شتێکیش هەبێت قسەو و هەوڵێك نەیە ئەم قسەکردنە بگوێتەوە ئاستی کردار.

## سێهەم: پێشنیارەکان:

بێ گومان لەم دۆخەی ئێستاماندا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویسمان بە هەوڵ و جوهدی ڕۆشنبیران هەیە، زیاتر لە ڕۆڵی سیاسیەکان، (چونکە ڕۆشنبیر دەبێ لەو حەقیقەتە بە ئاگابێ کە ئەرکی ئەو لە ئەرکی سیاسیەك کەمتر نیەو بەڵکو زیاتریشە، بۆیە دەبێت ڕووبەڕووبوونەوی هەموو کێشەو گرفتەکان بەئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ، دڵنیابێ لەوەی کە هەموو ڕاچەنینە ڕۆشنبیری و فیکریەکان لە ئەستۆی ئەوە، بزانێ کە خۆی بەرپرسە لەو هەڕەشانەی کە بەشێوەیەکی مادی و نامادی دەکرێنە سەر کۆمەڵگا)...ڕۆشنبیران دەبێ بوێرو چاونەترسانە داخل بە کێشەکانی ناو کۆمەڵگابن و کەشفی ئەو هۆکارانە بکەن کە بۆتە خولقێنەری ئەو کێشەو گرفتانە، هاوکات ڕۆشنبیران دەبێ خاوەن پەیامێکی ڕوون بن کەبەرگری کردنە لە حەق.

دەبێ پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەلات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دانەمەزرابێ، بەڵکو دەبێ ڕۆشنبیر دەسەلات ناچار بکات، ئەوکات و لەو ئاستەدا دەسەلات پێویستی بە ڕۆشنبیر بێت کە پرۆژەی جددی و معریفی پێشکەش بکات, بۆ گۆڕان و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا، هەموو کات ڕۆشنبیر بۆ ئەوەی توانیبێتی لە ئاست بەرگری کردندا بێ لە کۆمەڵگا، دەبێ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان بخاتە پێش بەرژەوەندیە زاتیەکانی، لێرەوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر ڕۆڵی دروستی خۆی بگێڕێ لەکۆمەڵگادا لە ڕووبەڕو بوونەوەی قەیرانەکان، دەبێت لەو پەرت بوونە خۆی دەربازبکات کە لەمڕۆ و لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا توشی هاتبوو بەشێوەیەك یەك دەنگ دەسەلات ناچاربکەن کاروبارەکانی لەپێناو کۆمەلانی خەڵکدا بێت و بەجێی ئەوەی لەڕێگەی شەڕی خۆکوژییەوە بیانکاتە قوربانی, باخزمەتگوزاریان پێشکەش بکات بۆ ئەوەی وەك مرۆڤ بژین، کاری ڕۆشنبیر ئەوەیە بەشێوەی گروپ و دەستەجەمعیانە لەڕێگەی دیالۆگەوە, دەسەلات لەهارکارێکی دژبەبەرژەوەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا ئاگاداربکاتەوە, ئەگەرنا پێویستە ڕۆشنبیر ئاستی نووسین و بۆچوون و دیالۆگ بۆ کاری کرداری وەك مانگرتن و خۆپیشاندان و...هتد بگوێزێتەوە.چونکە ڕۆشنبیران تاخاوەن ڕۆحیەتێکی دەستەجەمعی و ڕەخنەگرانە نەبن، ناکرێ و نابێ چاوەڕێی گێڕانی ڕۆڵی ئیجابیان لێبکرێت,

# سەرچاوەکان

## أ- سەرچاوە عەرەبیەکان:


1. داحسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، ط، الدار العربية للموسوعات- بيروت ، لبنان 1998.
2. د. امينة رشيد، لماذا غرامشي، ورقة قدمت الي غرامشي و قضايا المجتمع المدني، ندوة القاهيرة، مركز البحوث العربي دار كنعان للدراسات و النشر، دمشق 1990.
3. د. احسان محمد الحسن و د. عبدالمحسين الزيني، الاصحاء اجتماعي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، سنة 1982.
4. د. دلال البزري، مقترحات اولية الاستخدام مفهوم غرامشي في العالم المعاثر، ورقة قدمة الي غرامشي و قضايا المجتمع المدني، ندوة القاهرة، مركز البحوث العربية، دار كنعان للدراسات و النشر، دمشق 1990.
5. د.دينكن ميشيل، مجمع علم الاجتماع، ترجمة د.احسان محمد الحسن، دار الحرية للتباعة بغداد. 1980.
6. د. شاكر مصطفي سليم، قاموس الانثر وبولجيا، ط1 ، المطبعة كويت، كويت 1981.
7- د فريال جبوري غزول، منظورات غرامشي للغة والادب، ورقة قدمة الي غرامشي وقضايا المجتمع المدني، ندوة القاهرة، مركز البحوث العربية، دار كنعان للدراسات والنشر، دمشق 1990.
8. المنجد في اللغة والاعلام، دار المشرق، ط37، بيروت لبنان 1998.
9. د. معين خليل عمر، الموضوعية و التحليل في البحث الاجتماعي، منشورات دار الافاق الجديدة، ط1، بيروت-لبنان، 1983.
10. د. محمد ازهر سعيد السماك واخرون، اصول البحث العلمي، ط2، مطبعة جامعة صلاحالدين، بغداد 1986.


## ب- سەرچاوە بەكوردى (كتێبەكان)


1. **ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی ڕوناكبیر، ئەبوبەكر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی** 2001.
2. **ئاراس فتاح، ڕۆشنبیران لەنێوان (ڕوداو) و بەرهەمهێنانی (گوتار)دا، ڕۆشنبیران كۆمەڵگا، دیموكراسیەت، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی** 2000.
3. **ئەلبێركامۆ، ژیان بێ گفتوگۆ ناكرێ، فەرهەنگ و لێكحاڵیبون، ئامادەكردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، چاپی یەكەم، ساڵی** 2001.
4. **د. ئەحمەد سالم ئەل ئەحمەد، ڕۆشنبیر، واقع و ڕۆڵ، ڕۆشنبیرو دەسەڵات و هەڵكەوت عەبدوڵا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەكەم سلێمانی،** 2004.
5. **ئانتۆی پلاستەر، دیموكراسی و ڕێبازی مستەفا، چاپی یەكەم، سلێمانی،**2002.
6. **بەختیار عەلی، پەیوەندی نێوان حبزب و ڕۆشنبیران، ڕۆشنبیران كۆمەڵگا دیموكراسیەت، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی** 2000.
7. **ڕامین جەهان بگلو، مۆدێرنیتە، دیموكراسی و ڕۆشنبیران، و: مصلح ئیروانی و مراد حكیم، چاپی یەكەم** 2002.
8. **د.سعدالدین ابراهیم، ڕۆشنبیر و میر، ڕۆشنبیر و دەسەلات، و/ هەڵكەوت عەبدوڵا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەكەم، سلێمانی** 2004.

9. سەرۆ قادر، بە بێ ڕۆشنبیری پاراستنی ئازادی و دیموکراسی خەیاڵە، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم 2001.
10. د.شێرزاد نەجار، گرفتی پەیوەندی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. چاپی یەکەم، ساڵی 2001.
11. شارۆخی تویسرکانی، مانەوەمان لە ئارامی ڕۆژهەڵاتماندایە،فەرهەنگ و لێکحالیبون ئامادەکردنی، سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، 2001.
12. عەلی کریم محەمەد، عەقڵی کورد و گۆڕان، چاپخانەی، سلێمانی, چاپی یەکەم، 2003.
13. فاروق رفیق، مالێکی لێك ترازاو ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، 2002.
14. فەرهاد شاکەلی، باسکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لەکاری سیاسیدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ساڵی 2001.
15. کەیخوسرۆ جەمشیدی، خوی ڕۆشنبیران، فەرهەنگ و لێکحالیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم ساڵی 2001.
16. محەمەد ئەل شێخ، ڕوناکبیرو دەسەڵات، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، ساڵی 2002.
17. مەریوان وریا قانیع، ڕۆشنبیران لەنێوان بەرهەمهێنانی مەعریفە و کۆکردنەوەی ئیمزادا، ڕۆشنبیران، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی 2000.
18. مەریوان وریا قانیع، دەسەڵات و جیاوازی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی 2001.
19. موردا کاسوحە، ڕۆشنبیر: واقع و خواست، ڕۆشنبیر و دەسەڵات، و/ هەڵکەوت عەبدوڵڵا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم: سلێمانی، 2004.
20. د. مەهدی پەرهام، کەسایەتی و پەیامی ڕۆشنبیران، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ساڵی 2001.
21. مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و/ ڕێبوا سیوەیلی و ئەوانی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، 2002.
22. مورتەزا هاشمی تاری، ڕۆشنبیران و دەسەڵات، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆقادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، 2001.

## گۆڤارەکان:

1.ئەسکەندەر جەلال، ڕۆشنبیر لەنێوان زەمەنەکاندا تەراتێن دەکات، گۆڤاری پیاڤ، ژمارە (7) ساڵی 2001.
2.ئارام تەها، خوێندنەوەی کتێبی (المثقف و السلطة) نوسینی: محمد الشیخ، گۆڤاری ڕوانگەو ڕەخنە، ژمارە (4.5) ساڵی 2001.
3.د. ئیبراهیم ڕەسول، پاساوەکانی دیموکراسی و یەکبوونی نیشتمانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (22)، ساڵی 2001.

4.ئالین دۆبینۆ، بیرکردنەوەیەکی قوڵ لە چەمکی دیموکراسی، و/ عەلی مەعریفی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (8) ساڵی 1998.
5.بەختیار عەلی، ئەکادیمی بوون تەنیا ڕیزکردنی سەرچاوە نیە، ئەوەندەی دیالۆگە لەگەڵ فکری جیهانیدا، گۆڤاری ڕامان، (38)، ساڵی 2002.
6.جەلیل ئازادیخواز، چەمکی ڕوناکبیرو ڕوناکبیر کێیە؟ گۆڤاری ئاینده، ژمارە (42) ساڵی 2003.
7.خسرۆ ناقد، شوێن و ڕۆڵی ڕۆشنبیران، لە ڕوانگەی (هابرماس)دا، گۆڤاری گوتار، ژمارە (3-4) ساڵی (1997-1998)
8.دەستەی نووسەران، ڕاگەیاندنێك دەربارەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی کوردستان، گۆڤاری دواڕۆژ، ژمارە (2)، ساڵی 1994.
9.ریمون ئارۆن، ڕۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چیە؟ و/ سۆران عەلی پور، گۆڤاری کاروان، ژمارە (96) ساڵی 2003.
10.ڕێبین ئەحمەد هەردی شعر و-حیزب سڕینەوەی کۆمەڵگای شارستانی، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (1) ساڵی 1996.
11.سابیر ڕەشید، ڕۆشنبیر و دەسەلآت، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (16) ساڵی 1997.
12.سابیر ڕەشید، ڕۆشنبیرو دەسەلآت گۆڤاری ڕامان، ژمارە (17) ساڵی 1997.
13.سیار محەمەد ساڵح، خوێندنەوەیەك بۆ شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (2) ساڵی 1997.
14.سەروەر ئەحمەد، ڕاپەڕین و قەیرانی وێنەی دوژمن، گۆڤاری گوتار، ژمارە (3-4) ساڵی (1997-1998).
15.عەتا نەهایی، ڕۆشبیر کێیە؟ گۆڤاری ئاینده، ژمارە (42) ئاداری 2003.
16.عەلی حەرب، ڕەخنە لە ڕۆشنبیران، قەیرانی ڕۆشنبیری، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (49) ساڵی 2000.
17.فەرهاد ئەمین پور، ڕۆشنبیر کوردستانی ئێران، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (41) ساڵی 2003.
18.فەردین سادق ئەیوبی، تایبەتمەندی ڕۆژهەلآت، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (41) ساڵی 2003.
19.د. فەوزیە سابیر، ڕۆشنبیرانی ئێران و ڕۆڵی سیاسیان لە سەدەی (19)دا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (27) 2003.
20.کامەران تاهیر، کاتێك ڕۆشنبیر و دەسەلآت لە هاوسەنگیدا گۆڕان لە بونیادی خۆیان چێدەکەن، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستان، ژمارە (2) ساڵی 2000.
21.کارل پۆپەر، ئازادی و ئەرکی ڕوناکبیران، و/ئەمیرە محەمەد، گۆڤاری مەدەنیەت ژمارە (9-10) ساڵی 2001.
22.مەریوان وریا قانیع شەڕی ناوخۆ(خێڵ، حیزب، سیاسەت) گۆڤاری ڕەهەند ژمارە (1) ساڵی 1996.

23. میشل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز، ڕۆشنبیر و دەسەڵات، وتوویژێك لەنێوانیاندا، و/میقداد شاسواری، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (62) ئاداری ساڵی 1997.
24.هەڵکەوت عەبدوڵڵا، ئاخاوتنی ڕۆژانە لە بواری ڕۆشنبیریماندا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە (7) ساڵی 1995.
25.هەڵکەوت عەبدوڵڵا، هەڵوەستەیەك لە ئاست شەڕی ناوخۆی کورستاندا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (1) ساڵی 1996.
26.نوری یاسین هرزانی، دور و سائل اعلام فی خلق السلوك الاجرامی، مجله زانکۆ گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (6) ساڵی 1999.

## هامشەکان:

1.المنجدفي اللغة والاعلام، ط37، دار المشرق، بيرت لبنان، ص 228.
2.د. شاكر مصطفي سليم، قاموس الانثروبولوجيا، ط1، مطبعة الكويت، كويت، 1981، ص829.
3.پەروین سازگارا- ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، و/ جەودا مستەفا ستوپی، چ1، هەولێر، 2003، ل122.
4.د. دينكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ترجمة، د. أحسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة بغداد، 1980 ص254.
5.پەروین سازگارا، هەمان سەرچاوە، ل 123.
6.نوری یاسین هرزانی، دور وسائل الاعلام فی خلق السلوك الاجرامی، مجله زانکۆ، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەددین، ژ (6)، 1999، ص113.
7.د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، ط1، الدار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان، 1998، ص289.
8.فاروق رفیق، ماڵێکی لێك ترازاو ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی ڕەنج، 2002، ل105.
9.سابیر ڕەشید، ڕۆشنبیر و دەسەڵات، گۆڤاری ڕامان، ژ (16) 1997، ل28.
10.د. فەوزیە سابیر، ڕۆشنبیرانی ئێران و ڕۆڵی سیاسیان لەسەدەی (19)دا، سەنتەری برایەتی، ژ(27) 2003، ل40.
11.سابیر ڕەشید، ڕۆشنبیر و دەسەڵات ، گۆڤاری ڕامان ، ژ(16) 1997. ل27.
12.فەرهاد شاکەلی، باسکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە کاری سیاسیدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چ1، 2001. ل16.
13.ڕیمۆن ئارۆن، ڕۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چیە؟ و/ سۆران علی پور، گۆڤاری کاروان، ژ(169)، 2003،ل115.
14.ڕامین جەهان بگلو، مۆدێرنیتە، دیموکراسی و ڕۆشنبیران، و/ مصلح ئیروانی و مرادحکیم، چ1، 2002،ل89.

15.ڕامین جەهان بگلو، هەمان سەرچاوە، ل99.
16.محەمەد ئەل-شێخ، ڕوناکبیرو دەسەڵات، و/ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002، ل35.
17.ئارام تەها، خوێندنەوەی کتێبی، المثقف والسلطة، نوسینی: محمد الشێخ، گۆڤاری ڕوانگەو ڕەخنە، ژ (4-5)، 2001، ل314.
18.محەمەد ئەل-شێخ، هەمان سەرچاوە، ل32.
19.فاروق رفیق، ماڵێکی لێك ترازاو ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی رەنج، چ، 2002، ل15.
20.محەمەد ئەل-شیخ ڕووناکبیرو دەسەڵات، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002/ ل29.
21.محەمەد ئەل-شێخ، ڕووناکبیر و دەسەڵات، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002، ل31.
22.محەمەد ئەل-شێخ، هەمان سەرچاوە، ل32.
23.محەمەد-ئەل-شێخ، هەمان سەرچاوە، ل32.
24.فاروق رەفیق، ماڵێکی لێك ترازاویژدانێکی بیمار، چاپخانەی رەنج، چ1، 2002، ل105.
25.ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی رووناکبیر، ئەبوبکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2001، ل5.
26.محەمەد ئەل-شێخ، هەمان سەرچاوە، ل35.
27.ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی ڕوناکبیر، و/ ئەبوبکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2001، ل5.
28.فاروق رفیق، ماڵێکی لێك ترازاو ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی رەنج، چ1، 2002.ل 105.
29.ئیدوارد سەعید، هەمان سەرچاوە، ل6.
30.ڕامین جەهان بگلو، مۆدێرنیتە، دیموکراسی و ڕۆشنبیران، و/ مصلح ئیروانی و مرداحکیم، چ1،2002،ل89.
31.محەمەد ئەل-شێخ، ڕوناکبیرو دەسەڵان، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002، ل32.
32.فاروق رفیق، هەمان سەرچاوە ل106.
33.محەمەد ئەل-شێخ، روناکبیرو دەسەڵات، و/ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002، ل32.
34.فەردین سادق ئەیوبی، تایبەتمەندی ڕۆژهەڵات، گۆڤاری ئاینده، ژ(41)، 2003، ل12.
35.فەرهاد شاکەلی، باسکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە کاری سیاسیدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، 2001، ل19.
36.ئاراس فتاح، ڕۆشنبیران لەنێو(ڕوداو) وبەرهێهێنانی (گوتار)دا، ڕۆشنبیران، کۆمەڵگا دیموکراسیەت، بەختیار عەلی، مەریوان وریا، ئاراس فتاح، چاپخانەی رەنج،2000، ل73.
37.فەرهاد شاکەلی هەمان سەرچاوە، ل19.
38.فەرهاد شاکەلی هەمان سەرچاوە، ل19.
39.فاروق رفیق، ماڵێکی لێك ترازاو ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی رەنج، چ1، 2002. 132.
40.مەریوان وریا قانیع، ڕۆشنبیران لەنێوان بەرهەمهێنانی مەعریفە و کۆکردنەوەی ئیمزادا، ڕۆشنبیران، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی 2000، ل46.
41. بەختیار عەلی، پەیوەندی نێوان حزب و ڕۆشنبیران، هەمان سەرچاوە، ل6.

42.هەڵكەوت عەبدوڵلا، ئاخاوتنی ڕۆژانە لە بواری ڕۆشنبیریماندا، گۆڤاری یەكگرتن، ژمارە (17)، 1995،ل7.
43.د. سعدالدين ابراهيم، ڕۆشنبیر و میر، ڕۆشنبیر و دەسەڵات، و/ هەڵكەوت عەبدوڵلا، چاپی یەكەم، سلێمانی 2004. ل10.
44.مەریوان وریا قانع، ڕۆشنبیران لەنێوان كۆكردنەوەی ئیمزاو بەرهەمهێنانی مەعریفەدا ڕۆشنبیر، كۆمەڵگا، دیموكراسیەت، بەختیار عەلی، مەریوان وریا، ئاراس فتاح، چاپخانەی ڕەنج، 2000، ل41.
45.ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی ڕووناكبیر، ئەبوبكر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2001، ل6.
46.عەتانەهایی، ڕۆشنبیر كێیە؟گۆڤاری ئاینده، ژ (42)، ئاداری 2003، ل16.
47.د. سعدالدين ابراهيم، ڕۆشنبیر و میر، ڕۆشنبیر و دەسەڵات ، و/هەڵكەوت عەبدوڵلا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەكەم، سلێمانی، 2004. ل10.
48.سابیر ڕەشید، ڕۆشنبیرو دەسەڵات گۆڤاری ڕامان، ژمارە (17) ساڵی 1997، ل28.
49.عەلی حەرب، ڕەخنە لە ڕۆشنبیران، قەیرانی ڕۆشنبیری، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (49) ساڵی 2000، ل228.
50.عەلی حەرب، هەمان سەرچاوە،ل 228.
51.عەلی كریم محەمەد، عەقڵی كورد و گۆڕان، چاپخانەی، سلێمانی، چاپی یەكەم، 2003، ل165.
52.شاهروخی تویسركانی، مانەوەمان لە ئارامیی ڕۆژهەلاتیمنان دایە، فەرهەنگ و لێكحاڵیبون، ئا: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، چ1، 2001، ل94.
53.شاهروخی تویسركانی، هەمان سەرچاوە، ل195.
54.كەیخوسرۆ جەمشیدی، خووی رۆشنبیران، سەرچاوەی پێشوو، ل197.
55.ئەلبێر كامۆ، ژیان بەبێ گفتوگۆ ناكرێ، سەرچاوەی پێشوو، ل211.
56.ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی ڕووناكبیر، ئەبوبكر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2001، ل34.
57.د. شێرزاد نەجار، گرفتی پەیوەندی نێوان رۆشنبیرو دەسەڵات، فەرهەنگ لیكحاڵیبون، ئا: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ 1، 2001، ل129.
58.د. دلال البزري، مقترحات اولية لاستخدام مفهوم غرامشي في العالم، المعاهر، ورقة قدمت الي غرامشي و قضايا المجتمع المدني، ندوة القاهر مركز البحوث العربية، دار كنعان للدراسات والنشر، ديمشق، 1990، ص196.
59.د. أمينة رشيد، لماذا غرامشين ورقة قدمة الي الندوة نفسها، ص104.
60.د. فريال جبوري غزول، منظورات غرامشي للغة والادب، ورقة قدمت الي غرامشي وقضايا المجتمع المدني، ندوة القاهرة مركز البحوث العربية، دار كنعان للدراسة والنشر، دمشق، 1990، ص196.
61.عەتانەهایی، ڕۆشنبیر كێیە؟ گۆڤاری ئاینده، ژمارە (42) ئاداری 2003، ل6.
62.ئاراس فتاح، ڕۆشنبیران لەنێوان (ڕوداو) و بەرهەمهێنانی (گوتار)دا، ڕۆشنبیران كۆمەڵگا، دیموكراسیەت، بەختیار علی، مەریوان وریا، ئاراس فەتاح، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی 2000. ل71.

63.مـەریوان وریـا قـانیع، ڕۆشـنبیران لـەنێوان بەرهـەمهێنانی مەعریفـە و کۆکردنـەوەی ئیمـزادا، هـەمان سەرچاوە، ل41.
64.فەرهاد ئەمین پور، ڕۆشنبیری کوردی کوردستانی ئێران، گۆڤاری ئاینده، ژماره (41)، 2003، ل29.
65.مـەریوان وریـا قـانیع، ڕۆشـنبیران لـەنێوان بەرهـەمهێنانی مەعریفـە و کۆکردنـەوەی ئیمـزادا، هـەمان سەرچاوە، ل45.
66.عەتانەهایی، ڕۆشنبیر کێیە؟ گۆڤاری ئاینده، ژماره (42) ئاداری 2003، ل6.
67.سیار محەمەد سالح، خوێندنەوەیەکی شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایـەتی، ژماره (2)، 1997. ل19.
68.مەریوان وریا قانع، دەسەلات و جیاوازی، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، 2001، ل85.
69.سیار محەمەد سالح، خوێندنەوەیەکی شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایـەتی، ژماره (2)، 1997. ل27.
70.هەلکەوت عەبدوللا، هەلوەستەیەك لـە ئاسـت شـەڕی نـاوخۆی کورسـتاندا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمـاره (1) سالی 1996، ل61.
71.سـەروەر ئەحمـەد، ڕاپـەڕین و قـەیرانی وێنـەی دوژمـن، گۆڤاری گوتـار، ژمـاره (3–4) سـالی (1997–1998)، ل30.
72.دەسـتەی نوسـەرا، ڕاگەیانـدنێك دەربارەی هەلگرسـاندنی شـەڕی نـاوخۆ کوردسـتان، گۆڤـاری دوارۆژ، ژ(2)، 1994، ل133.
73.مەریوان وریا قانیع، شەری ناوخۆ(خێل، حیزب، سیاسەت) گۆڤاری ڕەهەند، ژ(1)، 1996، ل17.
74.ئیدوارد سەعید، ڕۆلی ڕوناکبیر، و/ ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری سەردەم، ژماره (14)، 1999، ل32.
75.عەلی حەرب، ڕەخنە لە ڕۆشنبیر.. قـەیرانی ڕۆشـنبیر، نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد، گۆڤـاری ڕامـان ژ(49)، 2000، ل228.
76.ئەسکەندەر جەلال، ڕۆشنبیر لەنێو زەمەنەکاندا تەراتێن دەکا، گۆڤاری پیاڤ، ژ(7) 2001، ل61.
77.ئیدوارد سەعید، ڕۆلی ڕوناکبیر، و/ ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری سەردەم، ژماره (14)، 1999، ل29.
78.جەلیل ئازادیخواز، چەمکی ڕوناکبیری و ڕوناکبیر کێیە؟ گۆڤاری ئاینده، ژ(42)، 2003، ل20.
79.د. ئەحمـەد سـالم ئەلئەحمـەر، ڕۆشـنبیر: واقع و ڕۆلـی ڕۆشـنبیر و دەسـەلات، و/ هەلکـەوت عەبـدوللا چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2004، ل91.
80.خـسرۆ ناقـد، شـوێن و ڕۆلـی ڕۆشـنبیران لـە ڕوانگـەی سیاسـی( یـورگن هابرمـاس)، و/ محەمـەد جـواد مستەفا، گۆڤاری گوتار، ژماره (403) ، (1997–1998)، ل102.
81.موراد کاسوحە، ڕۆشنبیر، واقیع و خواست، ڕۆشـنبیر و دەسـەلات، و/ هەلکـەوت عەبـدوللا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2004، ل70.
82.ئانتۆنی پلاستەر، دیموکراسی، و/ ڕێباز مستەفا چاپی یەکەم، سلێمانی، 2002 ل 5.
83.جەلیل ئازادیخواز، چەمکی ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیر کێیە؟ گۆڤاری ئاینده،ژ(41) شوباتی 2003، ل13.

84.كارل پۆپەر، ئازاد ئەركی ڕوناكبیران، و/ ئەمیرە محەمەد، گۆڤاری مەدەنیەت، ژ(1059)، 2001، ل25.
85.ئانتۆنی پلاستەر، هەمان سەرچاوە، ل18.
86. جەلیل ئازادیخواز، چەمكی ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیر كێیە؟ گۆڤاری ئاینده،ژ(41) شوباتی 2003، ل15.
87.سەرۆ قادر، بە بێ ڕۆشنبیری پاراستنی ئازادی و دیموكراسی خەیاڵە، فەرهەنگ و لێكحاڵیبون، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەكەم 2001، ل164.
88.جەلیل ئازادیخواز، هەمان سەرچاوە، ل10.
89.د. مەهدی پەرهام، كەسایەتی و پەیامی ڕۆشنبیران، فەرهەنگ و لێكحاڵیبو، ئا: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، 2001، ل25.
90.خسرۆ قادر، شوێن و ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەڕوانگەی (هابرماس)، گۆڤاری گوتار، ژ (3-4) (1997-1998) ل102.
91.ڕێبین ئەحمەد هەردی، شەڕ حیزب سڕینەوەی كۆمەڵگای شارستانی، گۆڤاری ڕەهەند، ژ(1)، 1996،ل9.
92.ئالین دۆبینۆ، بیكردنەوەیەكی قوڵ لە چەمكی دیموكراسی، و/ عەلی معروق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ.(8)، 1998، ل120.
93.د. ئیبراهیم ڕەسووڵ، پاساوەكانی دیموكرسی و یەكبوونی نیشتمانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(22)، 2001، ل29.
94.محەمەد ئەل-شێخ، ڕوناكبیرو دەسەلات، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002، ل32.
95.فەرهاد شاكەلی: باسكردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی كورد لە كاری سیاسیدا، فەرهەنگ و لیكحاڵیبون، ئا:سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، چ1، 2001، ل18.
96.سابیر ڕەشید، ڕۆشنبیر و دەسەلات، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (16) ساڵی 1997، ل26.
97.سابیر ڕەشید، هەمان سەرچاوە، ل26.
98.هەڵكەوت عەبدوڵلا، ئاخاوتنی ڕۆژانە لە بواری ڕۆشنبیریماندا، گۆڤاری یەكگرتن، ژمارە (7) ساڵی 1995، ل 9.
99.فاروق رفیق، ماڵێكی لێك ترازاو ویژدانێكی بیمار، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەكەم، 2002، ل108.
100.محەمەد ئەل-شێخ، ڕوناكبیرو دەسەلات، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002، ل6.
101.سابیر ڕەشید، هەمان سەرچاوە، ل36.
102.د. شێرزاد نەجار، گرفتی پەیوەندی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا، فەرهەنگ و لێكحالیبون، ئامادەكردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. چاپی یەكەم، ساڵی 2001، ل130.
103.سابیر ڕەشید، هەمان سەرچاوە، ل40.
104.ئارام تەها، خوێندنەوەی كتێبی (المثقف و السلطة) نوسینی: محمد الشێخ، گۆڤاری ڕوانگەو ڕەخنە، ژمارە (4.5) ساڵی 2001، ل314.

105.محەمەد ئەل-شێخ، ڕوناکبیرو دەسەڵات، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ناز، 2002، ل28.
106.محەمەد ئەل-شێخ، هەمان سەرچاوە، ل28.
107.محەمەد ئەل-شێخ، هەمان سەرچاوە، ل100.
108.مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و/ ڕێبوا سیوەیلی و ئەوانی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، 2002، ل191.
109.میشل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز، ڕۆشنبیر و دەسەلات، وتویژێك لەنێوانیاندا، و/میقداد شاسواری، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (62) ئاداری ساڵی 1997، ل48.
110.میشل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز، هەمان سەرچاوە، ل 49.
111.ئاراس فتاح، ڕۆشنبیران لەنێوان (ڕوداو) و بەرهەمهێنانی (گوتار)دا، ڕۆشنبیران کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی 2000، ل 72.
112.فاروق رفیق، ماڵێکی لێك ترازاو ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، 2002، ل107.
113.هەڵکەوت عەبدوڵلا، ئاخاوتنی ڕۆژانە لە بواری ڕۆشنبیریماندا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە (7) ساڵی 1995، ل9.
114.د.شێرزاد نەجار، گرفتی پەیوەندی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. چاپی یەکەم، ساڵی 2001، ل130.
115.عەلی حەرب ، ڕەخنە لە ڕۆشنبیران، قەیرانی ڕۆشنبیری، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (49) ساڵی 2000، ل106.
116.هەڵکەوت عەبدوڵلا، ئاخاوتنی ڕۆژانە لە بواری ڕۆشنبیریماندا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە (7) ساڵی 1995، ل9.
117.عەلی حەرب، هەمان سەرچاوە، ل 106.
118.د.شێرزاد نەجار، گرفتی پەیوەندی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. چاپی یەکەم، ساڵی 2001، ل130.
119.فەرهاد شاکەلی، باسکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لەکاری سیاسیدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ساڵی 2001، ل18.
120.بەختیار عەلی، ئەکادیمی بوون تەنیا پیزکردنی سەرچاوە نیە، ئەوەندەی دیالۆگە لەگەڵ فکری جیهانیدا، گۆڤاری ڕامان، (38)، ساڵی 2002، ل95.
121.د.شێرزاد نەجار، گرفتی پەیوەندی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆ قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. چاپی یەکەم، ساڵی 2001، ل134.
122.فاروق رفیق، ماڵێکی لێك ترازاو ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، 2002، ل108.
123.ئاراس فتاح، ڕۆشنبیران لەنێوان (ڕوداو) و بەرهەمهێنانی (گوتار)دا، ڕۆشنبیران کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی 2000،

124.**مورتەزا هاشمی تاری، ڕۆشنبیران و دەسەڵات، فەرهەنگ و لێکحاڵیبون، ئامادەکردنی: سەرۆقادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم،** 2001، **ل**222.

125.**ئەسکەندەر جەلال، ڕۆشنبیر لەنێوان زەمەنەکاندا تەراتێن دەکات، گۆڤاری پیاڤ، ژمارە** (7) **ساڵی** 2001، **ل**61.

126.**سەروەر ئەحمەد، ڕاپەرین و قەیرانی وێنەی دوژمن، گۆڤاری گوتار،** ژ(3-4)، 1997-1998، **ل**29.

127.**بەختیار عەلی، ئەکادیمی بوون تەنیا ڕیزکردنی سەرچاوە نیە، ئەوەندەی دیالۆگە لەگەڵ فکری جیهانیدا، گۆڤاری ڕامان،** (38)، **ساڵی** 2002، **ل**96.

128.**کامەران تاهیر، کاتێک ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە هاوسەنگیدا گۆڕان لە بونیادی خۆیان چێدەکەن، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستان، ژمارە** (2) **ساڵی** 2000، **ل**37.

129.د. معن خليل عمر، الموضوعية و التحليل في البحث الاجتماعي، منشورات دار الافاق الجديدة، ط1، بيروت، لبنان، 1983، ص116.

130.**هەمان سەرچاوە، ص**126.

131.**ئەم جۆرە لە نمونە لەنێوان(** 100 **تا**500) **یەکە**(مبحوث) **دایە.**

132.د. محمد ازهر سعيد السماك واخرون، اصول البحث العلمي، ط2، مطبعة جامعة صلاحالدين، بغداد، 1986، ص61.

133.**مەنوچێهری موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و/ ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، چاپاخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای موکریان، چ**1، 2002، **ل**36.

134.د. احسان محمد الحسن، و د. عبدالحسين الزيني، الاخصاء الاجتماعي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي سنة 1982، ص37.

135.**هەمان سەرچاوە، ل**62.